# کاریگەری هەڵاوسانی یاساسازی لەسەر ئاسایشی یاسایی-یاساکانی باج وەک نموونە

**فتحی زێرۆ زێرۆ[1] پ.ی.د کمال انور بابە[2]**

[1]بەشی کارگێری کار-کۆلێژی تەکنیکی سۆران-زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولیر-هەرێمی کوردستان-عێراق

[2]کۆلێژی یاسا- زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر-هەرێمی کوردستان- عێراق

**پوختە:**

زێدەڕۆیی لە دانانی ڕێسا و یاساکانی باج بە بێ ڕەچاوکردنی پێوەرەکانی ئاسایشی یاسایی دیاردەیەکی هێناوەتە کایەوە کە بە هەلاوسانی یاساسازی ناسراوە. بەرجەستەترین هۆکارەکانی هەلاوسانی یاساسازی لە یاساکانی باج بریتین لە فرە یاسایی و پەرشوبلاوی یاساکانی باج لە ئەنجامی سروشتی جیاوازی باجەکان، خراپی کوالیتی یاساکانی باج لە ڕووی ڕوالەتی و بابەتیەوە، زیادەڕۆیی لە خستنەڕووی دەقەکانی یاسای باج و ڕێزپەڕە یاساییەکان، هەمواری بەردەوامی یاساکانی باج، دەستێوەردانی حکومەت لە پرۆسەی یاسادانان لە بواری باج، سیستەمی حوکمڕانی و پێکهاتەی دەولەت. هەلاوسانی یاساسازی لە یاساکانی باج چەندین دەرئەنجامی لێدەکەوێتەوە کە کاریگەری نەرێنی لەسەر سیستەمی یاسایی باج دادەنێت و بەهای یاسایی یاسادانان دادەبەزێت و ئاسایشی یاسایی لەم بوارەدا دەخاتە مەترسیەوە.

بۆ ئەوەی ئاسایشی یاسایی لە بواری باج بەرپا ببێت، دەبێ هەلاوسانی یاساسازی بۆ کەمترین ئاست دابەزێندرێت، بۆ ئەم مەبەستە پێشنیار دەکەم یاسادانەری عێراقی و کوردستانی پێداچوونەوەیەکی تەواو بە یاساکانی باج بکەن و برگە و مادده خەشدار و زیادەکان لابەن و سەرلەنوێ بە کوالیتیەکی بەرز دایانبڕێژنەوە، هەروەها باجەکان بە پێی سروشتی هاوبەشیان یەکبخەن، بە جۆرێک کە باجەکانی ڕاستەوخۆ لە کۆدێکدا و باجەکانی ناڕاستەوخۆش لە کۆدێکیتردا ڕێکبخەن، بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو و پسپۆران و یاساناسەکان وەربگرن.

**دەستەواژە سەرەکیەکان:** هەلاوسانی یاساسازی، ئاسایشی یاسایی، یاساکانی باج، هەرێمی کوردستان، عێراقی فیدرال

**١.بەرایی:**

دەستێوەردانی دەولەت لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان تێچووەکانی بەرەو زیاد بوون بردووە، بۆیە پێویستی بە سەرچاوەی دارایی زیاترە بۆ دابین کردنی داهاتی گشتی و پڕ کردنەوەی تێچوو و خزمەتگوزاریەکان، گرنگترین و سەقامگیرترین سەرچاوەی دابین کردنی داهاتیش باجەکانن، کە نەک تەنها سەرچاوەی سەرەکی داهاتی دەولەتن، بەلکوو لە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و چەندین بواریتریش ڕۆلی کاریگەر و بەرچاویان هەیە.

باجەکان بە پێی سروشتی جیاوازیان بۆ باجە ڕاستەوخۆکان و باجە ناڕاستەوخۆکان پۆلێن کراون، هەر باجێکیش بە یاسایەکی تایبەت ڕێکخراوە، ئەمەش بووەتە هۆی هاتنە ئارای چەندین یاسای باج، کە بە تێپەڕبوونی کات بە پێی گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکان هەموار کراون، کە زۆر جار پەلەی تێدا کراوە و بە وردی بیر لە لایەنە نەرێنیەکانی نەکراوەتەوە، دواجار بووەتە هۆی کەلەکە بوونیان کە بە هەلاوسانی یاساسازی دەناسرێت.

هەڵاوسان لە یاساکانی باجدا کۆمەلێک دەرئەنجامی نەرێنی لێدەکەوێتەوە کە ئاسایشی یاساکانی باج دەخەنە مەترسیەوە، بە جۆرێک کە نەک تەنها باجدەران لە ماف و ئەرکەکانیان بێ ئاگا دەبن، بەلکوو فەرمانگەی باجیش کە نوێنەری دەولەتە بۆ کۆکردنەوەی باجەکان سەری لێدەشێوێت و دەکەوێتە هەلەوە، هەروەها خۆدزینەوەی باجدەران لە باجدان و کێشەی دووانەیی باج سەرهەلدەدات و ماف و ئازادیەکانی باجدەران پێشێل دەکرێت و پەیوەندیە یاساییەکانیان ناجێگیر دەبێت و پێگە یاساییەکانیان ناسەقامگیری تێدەکەوێت، هەروەها کاریگەری نەرێنی لە سەر داهاتی گشتی ولاتیش دادەنێت.

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 5 ، العدد 1 (2024)
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 10 يناير 2024
حقوق الطبع والنشر © 2024. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

**1.1 گرنگی توێژینەوە:** گرنگی توێژینەوە لەوەدایە کە باس لە یەکێک لە بەرجەستەترین بەربەستەکانی ئاسایشی یاسایی باج دەکات کە ئەویش هەڵاوسانی یاسازییە، بۆیە دەستنیشان کردنی هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە و کار کردن لەسەر سنووردار کردن یان کەم کردنەوەیان بۆ کەمترین ئاست کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر  ئاسایشی یاسایی لەم بوارە دەبێت.

**1،2 ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی توێژینەوە ئەوەیە کە چەمکی هەڵاوسانی یاسازی و ئاسایشی یاسایی ڕوون بکاتەوە، دواتر هۆکارەکانی هەڵاوسانی یاسازی لە یاساکانی باجدا دەستنیشان بکات و کاریگەری هەڵاوسانی یاسازی لە سەر ئاسایشی یاسایی لە یاساکانی باجدا بخاتەڕوو و لە کۆتاییشدا چارەسەری پێویستیان بۆ پێشنیار بکات.

**1،3 کێشەی توێژینەوە:** کێشەی توێژینەوە خۆی لە کەڵەکەبوونی ڕێسا و یاساکانی باج دەبینێتەوە کە پێی دەگوترێت هەڵاوسانی یاسایی باج، هەروەها کۆمەڵێک کێشەی یاساییتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە دواجار دەبێتە بەربەست بۆ ئاسایشی یاسایی لەم بوارەدا.

**1،4 پرسیارەکانی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین ئەم پرسیارانەی خوارەوە وەڵام بدەینەوە:

1- هۆکارەکانی هەڵاوسانی یاسازی لە یاساکانی باج چین؟

2- کاریگەری هەڵاوسانی یاسازی باج لەسەر ئاسایشی یاسایی چییە؟

3- ڕێگەچارەکانی سنووردارکردن یان کەم کردنەوەی هەڵاوسان لە یاساکانی باج چین؟

**1،5 میتۆدی توێژینەوە:** توێژەر لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری یاسایی بەکارهێناوە، کە ئەو بوارەی بۆ دەرەخسێنێت کە یاساکانی باج لە ڕووی هەڵاوسانی یاساییەوە شی بکاتەوە وهۆکارەکانی دەستیشان بکات و کاریگەری لەسەر ئاسایشی یاسایی باج دیاری بکات، هەروەها باشترین چارەسەر بۆ کێشەی توێژینەوە پێشنیار بکات.

**1،6 چوارچێوەی توێژینەوە:** توێژینەوەکەمان لە چوارچێوەی یاساکانی باج دەخولێتەوە و یاساکانی باج لە هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ وەک نموونە وەردەگرێت.

**1،7 پلانی توێژینەوە:** بۆ زاڵ بوون بەسەرهەموو لایەنەکانی توێژینەوە، توێژەر هەوڵ دەدات سەرەڕای بەرایی و دەرئەنجام، بابەتی توێژینەوەکەی دابەشی سەر چوار تەوەری سەرەکی بکات. لە تەوەری یەکەمدا باس لە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە دەکات کە خۆی لە ڕوون کردنەوەی وشە سەرەکیەکانی توێژینەوە دەبینێتەوە، لە تەوەری دووهەمدا هەوڵ دەدات هۆکارەکانی هەڵاوسانی یاسازی لە یاساکانی باج دەستنیشان بکات، لە تەوەری سێهەمیشدا کاریگەری هەڵاوسانی یاسازیی لەسەر ئاسایشی یاسایی لە یاساکانی باج دیاری بکات و لە تەوەری چوارەمیشدا ڕێگەچارەکانی سنووردار کردن یان کەمکردنەوەی هەڵاوسانی یاسازی پێشنیار دەکات و لە کۆتاییشدا دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان لە گەڵ لیستی سەرچاوەکان دەخاتەڕوو.

## 2.چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:

ئەم تەوەرە خۆی لە ناساندنی وشە سەرەکیەکانی توێژینەوە دەبینێتەوە کە بریتین لە هەڵاوسانی یاسازی باج، ئاسایشی یاسایی، یاسای باج، هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ.

### 2،1 چەمکی هەلاوسانی یاسازی باج:

هەڵاوسانی یاسازی یەکێکە لە گرنگترین ئەو مەترسیانەی هەڕەشە لە ئاسایشی یاسایی دەکەن بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە یاساکانی باجەوە هەیە، بۆیە سەرەتا چەمکی هەلاوسانی یاسازی ڕوون دەکەینەوە، دواتر هۆکارەکانی هەلاوسان لە یاساکانی باجدا دەخەینەڕوو.

بۆ ڕوون کردنەوەی چەمکی هەلاوسانی یاسازیی دەبێ سەرەتا ئەم چەمکە لە ڕووی زمانەوانیەوە شی بکەینەوە، دواتر لە ڕووی واتاییەوە ڕوونی بکەینەوە.

#### 2،1،1 هەلاوسانی یاسازی لە ڕووی زمانەوانیەوە:

دەستەواژەی هەلاوسانی یاسازیی لە دوو وشە پێک هاتووە، یەکەمیان وشەی هەڵاوسان یان کەڵەکەبوونە کە بە واتای ئاوسان و بەرزبوونە.( خال،١٩٧٦: ٥١٨)، هەروەها بە واتای فرە ئاوسان و دالەقان دێت.( شرفکندی، ٢٠٠٥: ٩٨٥)کە لە ڕووی زمانەوانیەوە بەرامبەر (تضخم)ی عەرەبی.(الفراهیدي، ٢٠٠٣:١٠) وە ( inflation )ی ئینگلیزی بەکار هاتووە کە بە واتای زیادبوونی بەردەوام لە ئاست یان بڕی شتێک دێت.(Cambridge Dictionary )، هەروەها وشەی یاسازی بەرامبەر بە (التشریع)ی عەرەبی و ( legislation )ی ئینگلیزی بەکار هاتووە کە بەواتای پرۆسەی دانانی ڕێسا و یاساکان دێت.(Wild,2006:170) کە پێکەوە دەبێتە هەلاوسانی یاسازی ( التضخم التشريعي ) ی *عەرەبی* یان ( legislative inflation )ی ئینگلیزی.

#### 2،1،2 هەلاوسانی یاسازی لە ڕووی واتاییەوە:

هەلاوسان زیاتر پەیوەندی بە بواری ئابووری و پزیشکییەوە هەیە، لە بواری یاسادا بۆ وەسف کردنی گەشەی نائاسایی قەبارەی ڕێسا و یاساکان بەکار دێت. لەم توێژینەوەیەشدا بۆ زۆری یان کەڵەکە بوونی ڕێسا و یاساکانی باج بەکار دەهێندرێت. هەڵاوسانی یاسازیی لە بواری باج بە واتای زیادبوونی ژمارە و قەبارەی ڕێسا و یاسا و بڕیار و ڕێنماییەکانی باج دێت، هەر بۆیە ئەم دەستەواژەیە، سەرەڕای زۆری ڕێسا و یاساکانی باج، زیادەڕۆیی لە دەرکردنی ڕێنمایی و بڕیار و فەرمانە کارگێڕییەکان و ڕێکارە دادوەرییەکانی باجیش لە خۆ دەگرێت.(برجیان، ١٣٨٥)

دەستەواژەی "هەڵاوسانی یاسایی" بە شێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن زانایانی یاسایی و سیاسی جۆراوجۆری ئەوروپاوە بەکاردەهێنرێت و بە مانای زیادبوونی ڕێژەی نۆرمەکانی یاسایی دێت. دەرکردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە نۆرمەکانی یاسایی نوێ دواجار پرسیارێک دەوروژێنێت سەبارەت بە هاوسەنگی نێوان چۆنایەتی و چەندایەتی کارەکانی یاسادانەرەکان.(Šulmane, 2011 :70)

یاساناس (ساڤاتیە) بەم شێوەیە هەلاوسانی یاسازی دەخاتەڕوو و دەڵێت:" دیاردەی هەلاوسانی یاسازی چ لە ڕێگەی زیاد بوونی ژمارەی یاسا دەرکراوەکان لە هەر ساڵێکدا و یان لە ڕێگەی کەلەکەبوونی دەقەکان بە تێپەر بوونی کات، هەندێکجاریش دوور و درێژ کردنی یاساکان یان درێژداریژی و زۆربلێیی لە خستنەڕووی دەقەکان بەدیار دەکەوێت،کە تا ڕادەیەک یارمەتیدەر دەبێت بۆ دەستڕانەگەیشتنی باجدەران بە یاساکان و ناجێگیریان."( عبدالكريم و حامد، ٢٠١٤: ١٤٧ )

#### 2،1،3 هەلاوسانی یاسازی باج:

مەبەست لە هەلاوسانی یاسازی لە یاساکانی باج زۆری ئەو ڕێسا ویاسایانەیە کە پەیوەندی نێوان باجدەر و دەوڵەت لە بواری باج ڕێکدەخەن.(احمد، ٢٠٠٩: ٤٧)

**٢,٢ چەمکی ئاسایشی یاسایی:**

بۆ ڕوون کردنەوەی چەمکی ئاسایشی یاساییش دەبێ سەرەتا لە ڕووی زمانەوانییەوە ڕوونی بکەینەوە، پاشان لەڕووی واتاییەوە پێناسەی بکەین.

**٢,٢,١ ئاسایشی یاسایی لە ڕووی زمانەوانیەوە:**

دەستەواژەی ئاسایشی یاسایی لە دوو وشە پێک هاتووە، یەکەمیان ئاسایشە کە لە رووی زمانەوانیەوە بەرامبەر بەوشەی ( الأمن) هاتووە(أنيس و الصوالحي واحمد،٢٠٠٤: ٢٨)، هەروەها بە پێی فەرهەنگی ئینگلیزی (black Law) بەرامبەر بە (دلنیایی و پاراستن) هاتووە، واتە دوور بوون لە زەرەر و زیان و مەترسی، کە وشەی (Security) بەکار دەهێنرێت، بەلام بۆ مەبەستی ئاسایشی یاسایی نزیکترین وشە لە ئەدەبیاتی یاسایی ئینگلیزی وشەی (Certainty) یە.(موسوی وموسوی فر، ١٤٠٠)

ئاسایش بە گشتی پێکهاتەیەکی سەرەکی کۆمەڵگایە، کە هێز و سەلامەتی و بەردەوام بوونی کۆمەڵگا مسۆگەر دەکات، هەروەها هەموو بوارەکانی ژیانیش دەگرێتەوە، وەک ئاسایشی ئابووری، هزری، ژینگەیی، خۆراک، زانستی، زانیاری، سیاسی و یاسایی، کە لە بواری یاساییدا بە ئاسایسی یاسایی ناوزەد دەکرێت و بە یەکێک لە بنەماکانی دەوڵەتی یاسا و مەرجێک لە مەرجەکانی کوالیتی یاساکان دادەنرێت،کە دەکرێ بە واتای ئاسایش لە ڕێگەی یاساوە بێت، هەروەها دەکرێت بە واتای ئاسایشی یاسا بێت.( السنتريسي، ٢٠١٨)

دووەمیان وشەی (یاسا)یە کە بە عەرەبی (قانون)ە و لە وشەی کانوون وەرگیراوە و سەرچاوەکەی بە رای هەندێک یاساناس بۆ زمانی رۆمانی و هەندیک یاساناسیتر بۆ زمانی یۆنانی دەگەرێننەوە، کە بە مانای " گۆپاڵی ڕاست دێت" واتە ملکەچ بوون بۆ سیستەمێکی جێگیر کە لیدەربازبوونی نیە.(غميزة، ٢٠٠٨: ٣)، لەبەر ئەوەی ئاسایشی یاسایی دەستەواژەیەکی فەرەنسیە، بۆیە دەبێ لە زمانی فەرەنسیدا بەدوای پێناسەکەیدا بگەرێین، کە بە پێی فەرهەنگی فەرەنسی ئاسایش بریتیە لە حاڵەتێکی دەروونی کە تێیدا مرۆڤ هەست بە ئاسایش و ئارامی و دلنیایی، بە دوور لە ترس و مەترسی و دڵەڕاوکێ دەکات، دیسان مانای نەبوونی هەر جۆرە مەترسیەک دەدات، هەروەها ئاماژەیە بۆ "حاڵەتێکی هزری دلنیا و ئارام بۆ کەسێک". ئەم وشەیە بە واتای سەلامەتی و دلنیایی دەروونی و نەبوونی ترس لە ژیاندا و لەسەر بەرژەوەندی و ئامانج و ئامرازەکانی ژیانی مرۆڤ، یان ئاسایشی تاک یان ئاسایشی کۆمەڵگا دێت.( جالی،٢٠١٨ :١١ )

**٢,٢,٢ ئاسایشی یاسایی لە ڕووی واتاییەوە:**

پرەنسیپی ئاسایشی یاسایی لەڕووی واتا و ڕەهەندەکانیەوە پانتاییەکی فراوانی هەیە و بە ئاسانی پێناسە ناکرێت، ئەوەش وایکردووە کە یاساسازەکان خۆیان لە قەرەی پێناسەکردنی نەدەن و بۆ یاساناسان و دادوەران جێیبهێڵن.(جالي، ٢٠١٨)، تەنانەت یاساناسان و دادگاکانیش کۆڕا نین لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراو و گشتگیر بۆ ئەم چەمکە، چونکە چوارچێوە گشتیەکەی کۆمەڵێک بنەما و ماف لە خۆ دەگرێت، سەرەڕای ئەوەی تیۆری ئاسایشی یاسایی سروشتێکی فەلسەفی هەیە و بەردەوام لە گۆڕاندایە، ئەوەش وایکردووە کە فرە شێوە و فرە واتا و فرە ڕەهەندە دەرکەوێت و لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت، هەروەها لە هەموو بوارەکانیشدا بوونی هەیە، بۆیە تاکوو ئێستا پێناسەیەکی ڕوون و دیاریکراوی نیە.( الحرتسي، ٢٠١٩ :٩٥ )

بەلام سەختی پێناسە کردنی پرەنسیپی ئاسایشی یاسایی ڕێگر نەبووە لە هەوڵی یاساناسان بۆ دیاری کردنی واتاکەی، بۆ ئەم مەبەستەش بە چەندین ئاراستەدا ڕۆیشتوون، هەندێکیان هەوڵیان داوە پرەنسیپی ئاسایشی یاسایی و چاوەڕوانی ڕەوا پێکەوە ببەستنەوە کە بە مانای گشت بارودۆخەکان دێت کە لە ڕاستیدا لە ڕێگەی ڕوونی و ووردی ڕێسا یاساییە بەرکارەکان بەدیار دەکەوێت، بۆ ئەوەی تاکەکان ماف و ئەرکەکانیان بزانن و ڕوانگەی خۆیان لەسەری بخەنەڕوو، وە لایەکیتر لە ڕووی زمانەوانی و واتاییەوە بیرۆکەی پارێزراویە(الأمان) لەخۆ دەگرێت، واتە بارودۆخێک دەخاتەڕوو کە تاک تێیدا هەست بە پارێزراوی دەکات لەو مەترسیانەی کە لە ئەنجامی ناسەقامگیری ڕێسا یاساییەکان و هەمواركردن و هەڵوەشاندنەوەیان بە شێوەی چاوەڕواننەکراو دێنەکایەوە، هەندێکی دیکەش پێیان وایە ئاسایشی یاسایی یەکێکە لەو بنەمایانەی کە دەوڵەتی یاسای لەسەر بنیات نراوە، لە ڕێگەی پابەند کردنی دەسەڵاتە گشتیەکان بە دەستەبەرکردنی ڕادەیەک لە جێگیری پەیوەندیە یاساییەکان و لایەنی کەمی سەقامگیری پێگە یاساییە جۆراوجۆرەکان، بە ئامانجی بلاوکردنەوەی ئاسایش و دلنیایی لە نێوان لایەنەکانی پەیوەندیە یاساییەکان.( القيسي،٢٠٢٠: ٣٤٢)

یاساناسانی فەرەنسی بەم جۆرە پێناسەی ئاسایشی یاساییان کردووە کە بریتیە لە "سەقامگیری پێگە یاساییەکان یان گرێنتیەکە یان پاراستنێکە بە ئامانجی دوور خستنەوەی شلەژان و نائارامی لە بواری یاسا یان گۆڕانکاریە لەناکاوەکان لە جیبەجێ کردنی یاسادا".( سالم، ١٩٩٣: ١٤)

**٢,٢,٣ ئاسایشی یاسایی باج:**

ئاسایشی یاسایی باج واتای ئەوەیە کە ملکەچ بووەکانی یاسای باج لە گۆڕانکاریە لەناکاوەکانی یاساکانی باج پارێزراو بن و پێگەی یاساییەکانیان و مافە بەدەستهێنراوەکانیان پێشێل نەکرێت و حوکمەکانی یاسا باج بە کاریگەری پاشینە بەسەریاندا پیادە نەکرێت، یان لە ناکاو لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە لێخۆشبوونیان لە باج هەڵنەوەشێندرێتەوە، یان ڕێژەکەی کەم نەکرێتەوە.( احمد، ٢٠٢٢)

ئاسایشی یاسایی لە بواری باج دەکرێت بەم جۆرە پێناسە بکرێت کە بریتیە لە بنەمایەک لە بنەماکانی گشتی یاسا، بە ئامانجی کەم کردنەوەی ئەو کاریگەریە نەرێنیانەی لە یاساکانی باج دەکەونەوە، لە ڕێگەی دارشتنی یاسای باجی سەقامگیر کە تێیدا پەیوەندی و پێگە یاساییەکانیان جێگیر بێت، تاکوو هەر باجدەرێک ماف و ئەرکەکانی بزانێت و بتوانێت پێشبینی دەرئەنجامی رەفتارەکانی بکات و بە پشتڕاستی و دلنیایی و بە بێ ترس و دڵەڕاوکێ رەفتار بکات.( الشناوي، ٢٠١٨: ٤٣٦-٤٣٧ ) ئاسایشی یاسایی باج هەوڵ دەدات پێگەی یاسایی باجدەران بپارێزرێت و هاوسەنگ کردنیان مسۆگەر بکات، لە ڕێگەی ڕێز گرتن لە کۆمەڵێک پێوەر و پێداویستی دارشتنی ڕێسا یاساییەکان بە پێی ئەو فەلسەفەیەی کە خوازیاری هەنگاونانە لە گەڵ ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکاریانەی کە جیهانی هاوچەرخ بە هەموو ئاستەکانیەوە بە خۆیەوە بینیوە.(ذنون، ٢٠١٩: ٩٦)

تویژەر پێی وایە ئاسایشی یاسایی بریتیە لەوەی یاساکان لە رووی ڕواڵەتی و بابەتیەوە بە جۆرێک دابرێژرێن کە ڕەچاوی مەرج و پێوەرەکانی کوالیتی دارشتنی یاسایی و سیاسەتی یاسادانان بکەن، کەمترین کەم و کوڕیان تێدا بێت و هەموو تاکەکان و دەسەلاتەکانی دەوڵەت پێیەوە پابەند بن، هەروەها پێی وایە پرەنسیپی ئاسایشی یاسایی بنەمایەکی گرینگ و مەرجی سەرەکی دەوڵەتی یاسایە و کۆت و بەندێکە بۆ دەسەڵاتە

گشتیەکانی دەوڵەت، حکوومەتیش دەبێ کارەکانی لە چوارچێوەی ئەم بنەمایە ئەنجام بدات، بۆ پارێزگاری کردن لە ماف و ئازادیەکانی هاوولاتیان.

**٢,٣ چیەتی یاسای باج:**

یاسای باج کە بەشێکە لە یاسایی دارایی یەکێکە لە لقەکانی یاسای گشتی و کۆمەڵێک ڕێسای یاسایی لەخۆ دەگرێت کە چیەتی سیستەمی باج لە دەوڵەتێکی دیاریکراو و کات وساتێکی دیاریکراودا دیاری دەکات، ئەم ڕێسایانە پەیوەندی نێوان باجدەر و دەوڵەت ڕێک دەخات.

یاسای باج سەربەخۆیی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە گەڵ ئەوەشدا پەیوەندیەکی پتەوی لە گەڵ لقەکانیتری یاسای گشتی هەیە وەک یاسای دەستووری و یاسای کارگێری و یاسای تاوانکاری، زۆرجار ئەم لقانە بنەماکانی یاسای باج لەخۆ دەگرن، بۆ نموونە یاسای دەستووری ڕێساکانی ڕەوایەتی و تایبەتمەندیەکانی باج و میرانە لەخۆ دەگرێت، یاسای کارگێری لە چوارچێوەی ڕێکخستنی مەرافقی دەوڵەت و بەرژەوەندیەکانی یاسای باج لە زۆر کاروباریدا دەگەڕێتەوە سەری وەک دادگای باج، هەروەها یاسای باج پەیوەندیەکی پتەوی لە گەڵ یاسای تاوانکاری هەیە، چونکە جێبەجێ کردنی یاساکانی باج و ڕێنماییەکانی مسۆگەر دەکات، هەروەها پەیوەندی لە گەڵ یاسای تایبەتیش هەیە لە ڕێگەی ئیحالە کردنی بۆ یاسای شارستانی و یاسای بازرگانی و یاسای دادبینی شارستانی و بازرگان، بە تایبەت لە بواری دیاریکردنی سروشتی کردارە بازرگانیەکان و بەسەرچوون و ئاگادارکردنەوە و چۆنیەتی پێڕاگەیاندن و مەرجەکانی و بوارەکانی فرۆشتنی خانووبەرە و هەڵسووکەوت پێکردنی و...هتد.( محمد و قادر، ٢٠١٨: ٤)

**٢,٤عێراقی فیدرال:**

کۆماری عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەری تەواوە، سیستەمی فەرمانڕەوایی تێیدا کۆماری نوێنەرایەتی(پەرلەمانی) دیموکراتیە.(دەستووری عێراق، ٢٠٠٥:م١) سیستەمی فیدرالی لە کۆماری عێراقدا لە پایتەخت و هەرێمەکان و پارێزگا ناناوەندیەکان و بەڕێوەبەرایەتیە خۆجێییەکان پێک دێت.(دەستووری عێراق، ٢٠٠٥،م١١٦).

**٢,٥ هەرێمی کوردستان:**

هەرێمی کوردستان، هەرێمێکی فیدرالیە لە چوارچێوەی عێراقی فیدرالدا.(دەستووری عێراق،٢٠٠٥،١١٧/یەکەم)

**٣.هۆکارەکانی هەڵاوسانی یاسادازی لە یاساکانی باجدا:**

دیاردەی هەڵاوسانی یاسادازی لە یاساکانی باجدا چەندین هۆکاریان لەپشتە، کە بەرجەستەترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

**٣,١ فرە یاسایی یاساکانی باج:**

باجەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە پێی سروشتی جیاوازیان بۆ باجە ڕاستەوخۆکان و باجە ناراستەوخۆکان پۆلین کراون، باجە ڕاستەوخۆکان لە باجی دەرامەت و باجی سەرمایە( باجی خانووبەرە و باجی زەویوزار) پێک دێت ، باجەکانی ناراستەوخۆکانیش باجی بەکاربردن( باجی بەرهەمهێنان و باجی فرۆشراوەکان و باجی گومرگی ) وە باجی دەستاودەست کردن ( باجی پوول و باجی تۆماری خانووبەرە) دەگرێتەوە.( محمد و قادر، ٢٠١٨: ٤)

**٣,١,١ باجی دەرامەت:**

بە یاسای باجی دەرامەتی عێراقی ژمارە (١١٣) سالی١٩٨٢ی هەمواركراو ڕێکخراوە و لە (٦٣) ماددە پێکهاتووە، ئەم یاسایە لە بەرواری دەرچوونیەوە تاکوو ئێستا پێنج جار هەموار کراوە.(الصافي، بلا سنە) و لە هەرێمی کوردستانیش یاسای باجی دەرامەت ژمارە ٢٦ی سالی٢٠٠٧ هەمواری جێبەجێ کردنی یاسای باجی دەرامەتی عێراقی ژمارە ١١٣ سالی ١٩٨٣.( یاسای باجی دەرامەت،٢٦، ٢٠٠٧)، کە بە یاسای ژمارە ٢٠ی سالی ٢٠١١ یەکەم هەموارکردنی جێبەجێ کردنی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە ٢٦ی سالی٢٠٠٧ لە هەرێمی کوردستان هەموار کراوە جێبەجێ دەکرێت.(یاسای باجی درامەت، ٢٠، ٢٠١١)

**٣,١,٢ باجی خانووبەرە:**

بە یاسای باجی خانووبەرەی عێراقی ژمارە(١٦٢) سالی ١٩٥٩ ڕێکخراوە کە لە ( ٣٧ ) ماددە پیکهاتووە، لە هەرێمی کوردستانیش یاسای ژمارە ٢٥ی سالی ٢٠٠٧ یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای باجی خانووبەرەی عێراقی ژمارە ١٦٢ی سالی ١٩٥٩ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.(یاسای باجی خانووبەرە،٢٥، ٢٠٠٧)

**٣,١,٣ باجی زەویوزار:**

بە یاسای باجی زەویوزاری عێراقی ژمارە ٢٦ سالی ١٩٦٢ڕێکخراوە کە لە( ١٢) ماددە پێکهاتووە.(یاسای باجی زەویوزار،٢٦ ،١٩٦٢) و لە هەرێمی کوردستانیش یاسای ژمارە ٢٤ هەموارکردنی یاسای پیادە کردنی یاسای باجی زەوی عەرەسە ژمارە ٢٦ هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت. (یاسای عەرەسە ،٢٦، ٢٠٠٧)

**٣,١,٤ باجی گومرگی:**

کە گرینگترین باجی ناراستەوخۆیە لە لە عێراق و هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی دوو یاساوە ڕێکخراوە، یاسای باجی گومرگی عێراقی ژمارە (٢٣) سالی١٩٨٤ کە تایبەتە بە دیاری کردنی حوکمە گشتیەکانی سەپاندن و جێبەجێ کردنی باج کە لە (٢٧١) ماددە پێکهاتووە.(قانون الكمارك، ٢٣، ١٩٨٤) هەروەها یاسای پێناسەی گومرگی عێراقی ژمارە(٢٢) سالی ٢٠١٠،کە تایبەتە بە دیاری کردنی جۆری کەلوپەلەکان و سروشتی ئەو باجەی بەسەریاندا دەسەپێندرێت و دیاری کردنی ئەوەی ئایا بەهایین یان جۆرین، ئەم یاسایە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم لە (١١) ماددە پێک هاتووە و لە ڕۆژنامەی وەقایعی عێراقی ژمارە (٤١٧٠)(ج١)(١) لە ٢٠١٠/١٢/٦ بلاو کراوەتەوە و بەشی دووەم کە خشتەی کالاکان و بەجی سەپێنراو لەخۆ دەگرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی عێراقی ژمارە (٤١٧٠)(ج٢)(٧٤٧) لە ٢٠١٠/١٢/٦ بلاو کراوەتەوە. (عبد و حسین، ٢٠١٦)

**٤,١,٥ باجی فرۆشراوەکان:**

کە باجێکی ناڕاستەوخۆی عەینی ڕێژەییە کە بە ڕێژەی ٢٠٪ دەخرێتە سەر کۆی گشتی بەهای خزمەتگوزاریەکانی تەلەفۆنی مۆبایل و ئەنتەرنێت وە بە ڕێژەی ١٠٪ دەخرێتە سەر ئەو خزمەتگواریەی کە هۆتێل و خواردنگە پلە نایاب و پلە یەکەکان پێشکەشی دەکەن. (یونس و غائب، ٢٠٢١: ٤٧٠)، ئەم باجە بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەلوەشاوە ژمارە (٣٦)ی ساڵی ١٩٩٧ سەپێنراوە و لە هەرێمی کوردستانیش جێبەجێ دەکرێت، (عبد و حسین، ٢٠١٦)

**٣,١,٦ باجی دەستاودەست کردن:**

کە باجی پوول و باجی تۆماری خانووبەرە دەگرێتەوە، حوکمەکانی باجی پوول بە یاسای ڕەسمی پوول ژمارە (٧١) سالی ٢٠١٢ ڕێکخراوە کە لە (٤٢) مادده پێکهاتووە.( ئەم باجە پێی دەوترێت میرانە(رسم)، بەلام ئەم ناوە پێچەوانەی حەقیقەت و ماهیەتی ئەم باجەیە).( محمد و قادر، ٢٠١٨: ٢٧٦)

**٣,١,٧ باجی تۆماری خانووبەرە :**

یاسادانەری عێراقی یاسایەکی تایبەت بەم باجەی دانەناوە، بەلکوو حوکمەکانی لە یاسای تۆماری خانووبەرە ژمارە(٤٣)ی سالی ١٩٧١ی بەرکار ڕێکخستووە کە لە ( ٣٥٥) مادده پێکهاتووە، لە گەل یاسای میرانەی دادی( رسوم العدليه) ژمارە (١١٤)ی سالی ١٩٨١ی بەرکاردا هاتووە، کە لە(٦٢) مادده پێکهاتووە .( محمد و قادر، ٢٠١٨: ٢٨٠)

**٣,١,٨ باجی گواستنەوەی خاوەندارێتی خانووبەرە یان مافی هەلسووکەوتپێکردنی:**

بۆ یەکەمجار بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕشگێڕی (هەڵوەشاوە) ژمارە (١٢٠)ی ساڵی ٢٠١٢ سەپێنراوە، باجێکی ناڕاستەوخۆیە لەسەر دەستاودەستکردن کە پرۆسەی گواستنەوەی خاوەندارێتی یان مافی هەلسوکەوتپێکردنی وەک بنەمایەک بۆ سەپاندنی وەردەگرێت. (عبد و حسێن،٢٠١٦: ٢٨٤ )

بە بۆچوونی ئێمە یەکێک لە هۆکارەکانی هەلاوسانی یاسازی لە یاساکانی باجی عێراقی و هەرێمی کوردستان ڕێکخستنی هەر جۆرە باجێک بە یاسایەکی دیاریکراوە، کە سەرەڕای هەلاوسانی یاسایی بووەتە هۆی پەرشوبلاوی یاساکانی باجیش، بۆیە پێیان باشە یاساکانی باج یەکبخرێن و باجە ڕاستەوخۆکان لە کۆدێکدا و باجەکانی ناڕاستەوخۆش لە کۆدێکیتردا ڕێکبخرێن، بەم شێوەیە هەلاوسانی یاسایی تا ڕادەیەکی زۆر کەم دەبێتەوە، چونکە چەندین دەق و مادەی زیادە و دووبارە لادەبردرێن و کوالیتی یاساکانیش بەرزتر دەبێتەوە و ئاسایشی یاسایی لە بواری باجدا بەرەوە باشتر دەچێت.

**٣,١,٩ پەرشوبلاوی یاساکانی باج:**

بە پێی هەندێک یاسای تایبەتیش وەک یاسای ڕاژەی شارستانی عێراق و یاسای ڕاژەی دەرەکی لێخۆشبوون لە باج ڕێکخراوە، هەروەها بۆ دیاری کردنی کاردارە بازرگانیەکانی ملکەچ بۆ باج گەڕاوەتەوە سەر یاسای بازرگانی عێراقی، دیسانەوە تاوانەکانی باج لە یاسای تاوانکاری عێراقی ڕێکخراوە، لە یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٤) سالی ٢٠٠٦یش چەندین لێخۆشبوونی گومرگی بۆ مەبەستی پرۆژەی وەبەرهێنان ئەنجام دراون، بە دیاری کراوی لە مادەی (٥)دا کە هەموو ئامراز و ئامانجەکانی پێویست بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان لە کاتی هاتنە ناو هەرێمی کوردستان لە باجی گومرگی دەبەخشرێن بە هەندێک مەرج.(یاسای وەبەرهێنان، ٤، ٢٠٠٦: ٥)

ئێمە پێمانوایە ڕێکخستنی بابەتەکانی باج لە ناو یاساکانیتردا نەک تەنها پەرشوبلاوی لێدەکەوێتەوە، بەلکوو دەبێتە هۆی ئەوەی هەلاوسانی یاساکانی باج و ئاستەنگێکە لە پێش مخاتەبەکانی بۆ دەستپڕاگەیشتن و تێگەیشتن لە یاساکان، سەرەڕای ئەوەی چەندین کێشەیتر وەک ناکۆکی و نەگونجان لە نێوان دەقەکانی لێدەکەوێتەوە و دواجار ئاسایشی یاسایی دەکەوێتە مەترسیەوە.

**٣,٢ خراپی کوالیتی دارشتنی یاساکانی باج:**

ڕەچاو نەکردن و گرنگی نەدان بە بنەما گشتیەکانی دارشتنی یاسایی وەک پرسێکی تەکنیکی پێویست لە کاتی دارشتنی دەقە یاساییەکان هۆکارێکە بۆ سەرنەکەوتنی یاسادانەر لە دانانی ڕێسا یاساکانی باج و هەلاوسانی یاسایی لێدەکەوێتەوە، چونکە یاسای باج هەستیاری و تایبەتمەندی خۆی هەیە و کاریگەری لەسەر ماف و ئازادیەکانی باجدەران و گەنجینەی گشتی و باری ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی ولات دەبێت، بۆیە ئەگەر یاسادانەر بە وردی داینەرێژێت دەبێتە هۆکارێک بۆ هەلاوسانی ڕێسا یاساییەکان.( عبدالحميد،٢٠٢٢)

ڕەنگە دارشتنی یاساسازی تووشی کۆمەلێک کەموکوری یان خەشی یاسایی وەک هەلە، ناکۆکی، نارِوونی و بۆشایی لە ڕێسا یاساییەکاندا ببێتەوە.(عبدالهادي، ٢٠٠٩)

**١- هەڵە لە یاساکانی باجدا:**

هەلە دوو جۆری هەیە، هەلەی ماددی و هەلەی یاسایی، هەلەی ماددی یەکێکە لە کوموکوڕیەکانی دەقە یاساییەکان کە یاسادانەر تێی کەوتووە و دەبێ ڕاست بکرێتەوە.

لە چوارچێوەی یاسای باجی دەرامەت یاسادانەر تووشی هەلەی مادی بووە کاتێک پیتی پەیوەندی (و) ی لە نێوان دەستەواژەی پاسەوانی دادوەری (الحارس القضائي) وە ووشەی(السنديك) دانەناوە،کە بووەتە هۆی تێکدانی واتای دەقەکە، واتە وادەردەکەوێت کە چەمکی (السنديك) هاوواتای پاسەوانی دادوەریە، بە پێچەوانەی ئەو جیاوازیەی لە رووی واتاییەوە لە نێوانیاندا هەیە.

لە چوارچێوەی یاسای باجی خانووبەرە یاسادانەر کەوتۆتە هەلەی ماددی کاتێک ماددەی (٣٢) هەموار کردووە و ئاماژەی بە ووشەی" دووبارە " نەکردووە، لە کاتێکدا دەقنووس نەکردنی ئەم وشەیە واتە هەلوەشاندنەوەی مادده ڕەسەنەکە پێش هەموار کردن، وە بەرکار بوونی مادده نوێیەکە پاش هەموار کردن.

**هەلەی یاسایی:** بریتیە لە کەموکوڕیەک لە زمانی دەقی یاساییدا کە پەیوەندارە بە وشەیەک یان زیاد کردنی مەرج یان تایبەتمەندیەک هەیە، بە جۆرێک لە گەل ڕاستی یان لۆژیک یان زەمینەی گشتی یاساکە ناکۆک بێت.

لە چوارچێوەی یاسای باجی دەرامەتدا یاسادانەر لە چەندین شوێندا تووشی هەلەی یاسایی بووە بۆ نموونە ئەوەی دەقنووس کردووە کە دەسەلاتی دارایی دەتوانێت لە دەرەوەی ماوەی دیاریکراو تانە قبوڵ بکات، ئەمەش لەتەە لە سەربەخۆیی لێژنەکانی تەمییز بە تایبەت نەبوونی سەربەخۆیی کارگێری دەدات.(ابوالعلا، ٢٠١٨)

دەقی یاسایی دەکرێ تووشی هەلە ببێت، ئەم هەڵەیەش دەکرێ لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی یاساداناندا ڕووبدات، هەندێک جار هەلەکە لە کاتی بلاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا ڕوودەدات، یان لە کاتی ئامادەکردنی پرۆژە یاسادا، لەوانەشە بەهۆی وەرگێرانی هەڵەی یاساکە وەک هەلەی تایپ یان زمانەوانی یان ڕێنووسی هەندێک دەستەواژەی

بیانی رووبدات، لەوانەیەشە لە ئەنجامی ناووردی یان گرینگی پێنەدان لە بەکارهێنانی دەستەواژە یاساییەکان یان کورتکراوەکانی دەربڕینە یاساییەکان و وشەکان رووبدات، کە دەبێتە هۆی شێواندنی دارشتنی یاسایی. بۆیە ئەو قۆناغە ڕاگوزەرەی کە عێراق پێیدا تێپەڕیوە، دارشتنی یاساکاری تێیدا کاریگەری هەندێك یاسای لەسەر بووە وتووشی هەندێك هەڵە بووە، بەتایبەتی ئەو هەڵانەی کە لە ئەنجامی وەرگێڕانی هەندێك دەق لە زمانە بیانییەکانەوە روویاندا.

یاسای باجی داهاتیش هەڵەی دارشتنی یاساکاری تێدا بەدی دەکرێت ، بۆ نموونە لە فەرمانی ژمارە (٣٧) بۆ ساڵی ٢٠٠٣ کە لەلایەن دەسەڵاتی هاوپەیمانی هەڵوەشاوە دەرچووە، تێیدا باج پێناسە کراوە بەوەی کە بریتیە لە باج یان میرانەیەک کە کاریگەرییەکەی هاوشێوەی کاریگەری باج بێت ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە یاساکانیتر بێجگە لە یاسای باجی داهات وەک یاسای باجی خانووبەرە و یاسای باجی زەوی وزار پێناسەی باجیان کردووە، واتە چەندین پێناسە بۆ دەستەواژەیەک کراوە، هەروەها دەسەڵاتی هاوپەیمانی، لە کاتی پێناسە کردنی باج، باج و میرانە تێکەڵ کردووە، هەرچەندە جیاوازی لە نێوان باج و میرانەدا هەیە.

هەروەها لە دەقی بڕگەی (٢)ی مادەی (٣٥)ی یاسای باجی داهاتی بەرکار ژمارە ١١٣ی ساڵی ١٩٨٢ی هەموار کراودا یاسادانەری عێراق ڕێگەی بە دەسەڵاتی دارایی داوە کە تێهەڵچوونەوەی( الاستئناف) پێشکەشکراو لە لایەن باجدەری ناڕازی لەسەر خەملاندنی داهات دوای تێپەڕبوونی ماوەی یاسایی وەربگرێت، ئەگەر گەیشتە قەناعەت کە پێشکەشکاری تێهەلچوونەوە دواکەوتووە لە پێشکەشکردنی بەهۆی ئامادەنەبوونی لە عێراق، یان بەهۆی نەخۆشییەکەوە کە بێتوانا بووە، یان بە هۆکارێکی ناچاری تر.

لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە یاسادانەری عێراق دەسەلاتی دارایی کردۆتە دادوەر و بڕیاردەر بۆ قبوڵکردنی ئەو تانەیەی کە لەلایەن باجدەرەوە پێشکەشی دەکرێت، دوای تێپەڕبوونی ماوەی یاسایی، ئەگەر گەیشتە قەناعەت، ئەمەش واتە دیاریکردنی هۆکاری دواکەوتنەکە و بڕیاردان لەسەری لە تایبەتمەندی دەسەڵاتی داراییدایە، لێرەدا تێبینی دەکەین کە یاسادانەری عێراقی دەسەلاتی دارایی کردۆتە نەیار و دادوەر لە یەک کاتدا (الخصم والحکم في أن واحد)، ئەمەش ڕێگەپێدراو نییە، بۆیە گونجاوتر بوو یاسادانەری عێراق بابەتی بڕیاردان لەسەر داواکارییەک بۆ لیژنەکانی تێهەلچوونەوە جێ بهێڵێت کە سەیری داواکاری تێهەلچوونەوە دەکەن.(ابوالعلا، ٢٠١٨).

بوونی هەر یەک لەم کەموکوڕیانە ئاستەنگێکە لە پێش ئاسایشی یاسایی و پێویستی بە میکانیزمێتر هەیە بۆ چارەسەر کردنیان وەک هەموار کردن یان بڕیاری نادەستووری بوون یان لێکدانەوە لە لایەن دادگاکان و چەندین میکانیزمێتر کە دەبنە هۆی هەلاوسان و مەترسی لەسەر ئاسایشی یاسایی لە بواری باج دروست دەکەن.

**٢- ناڕوونی لە یاساکانی باجدا:**

دەقی ناڕوون ئەو دەقەیە کە واتایەکی دیاریکراوی نیە و چەندین لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، نموونەی دەقە ناڕوونەکان لە یاسای باجی داهاتی عێراق ئەوەیە کە لە بڕگەی (٢)ی مادەی (٢١)یدا هاتووە کە تێکست دەکاتە سەر ئەوەی: "دەسەڵاتی دارایی، ئەگەر بە گونجاوی زانی باج لەسەر کەسێکی غەیرە نیشتەجێ بخەمڵێنێت و بە ڕێژەیەکی دادپەروەرانە و گونجاو بیخاتە ژێر کاریگەرییەوە، لەسەر بڕی ئەو کارە بازرگانییەی کە کەسی نانیشتەجێ لە ڕێگەی یان لەگەڵ نیشتەجێبوو ئەنجامی دەدات" دروست نیە یاسادانەی عێراق وشەی (ئەگەر بە گونجاوی زانی) دابنێت، هەروەها وشەی(دادپەروەرانە و لۆژیکی)، چونکە ئەم وشانە نەگونجاون و لە گەڵ بەرژەوەندی باجدەر و دەسەڵاتی داراییدا ناکۆکن و دەبنە هۆی ئەوەی هەر لایەنێک خۆی بەو لێکدانەوەیەیە ببەستێتەوە کە بە گونجاوی دەزانێت، ئەمەش دەبێتە هۆی کردنەوەی دەرگای خۆدزینەوە لە باج.

بوونی ناڕوونی و ناڕاشکاوی دەستەواژەکان لە دەقێکی یاساییدا دەبێتە هۆی پێشێلکردنی بڕگەکانی یاسا لەلایەن فەرمانبەرەکانیشەوە، یان ئەو جۆرە پێشێلکارییانە دەبنە هۆی بەفیرۆدانی مولکو مالی دەوڵەت و نەهاتنەدی دادپەروەری باج لە نێو هاولاتیاندا، بۆیە وردبینی لە دارشتنی ڕێسای یاسایی یارمەتیدەر دەبێت لە تێگەیشتن لە ڕێسا یاساییەکان و پانتایی کارەکانی دیاری دەکات، هەروەها دارشتنەکە دەبێت لە راستیەوە نزیک بێت بۆ ئەوەی جێبەجێکردنی ئاسان بێت و ڕێگری لە ڕوودانی کێشە یان سەرلێشێواوی لە جێبەجێکردنی ڕێسای یاسایی بکات.(ابوالعلا، ٢٠١٨).

سەبارەت بەو دەستەواژە نامۆیانەی کە یاسادانەر بەکاری هێناوە و ناڕوونی و لێلی دروست کردوە، و ئەوەی کە یاساناسی دارایی بەدوای دیاریکردنی واتاکەی گەڕاون، دەستەواژەی سروشتی بازرگانی( صبغة تجارية)یە کە یاسادانەر لە چوارچێوەی ئەو سەرچاوانەیدا هێناوە کە باجی داهاتیان لە سەرە، لەسەر ئەم بابەتە یاساناسانی دارایی بەسەر دوو ئاراستەدا دابەشبوون:

**ئاراستەی یەکەم:** پێی وایە کە دەستەواژەی "سروشتی بازرگانی" سەرکەوتوو نەبووە و بە شێوەیەکی ناڕوون دەرکەوتووە و مانایەکی ڕوونی نیە و لێکدانەوە و ناکۆکی باج دروست کردووە، ئەم ڕەوتە پێشنیاری گۆڕینی بۆ دەستەواژەی "هەر کردارێکی بازرگانی کردووە.

**ئاراستەی دووەم:** پێی وایە کە دەستەواژەی سروشتی بازرگانی کە لە مادەکەدا هاتووە بۆ ئەوە بووە کە بتوانێت ئەو کردارانەی کە باجدەران بانگەشەی ئەوە دەکەن کە نابازرگانین ملکەچی باج بکات، سەرەرای ئەوەی ئەم ئاراستە یاساییە لە یاسای ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، بەلام ئێمە پێمان وایە بە هەموو ئەو ناڕوونیەی کە لە خۆی گرتووە، زیادکردنێکی بێ پاساوە، چونکە کردارە بازرگانیەکان بە شێوەی ژماردن هاتوون( علی سبیل الحصر) نەک وەک نموونە( ولیس علی سبیل المثال)، ئەوەش لە هۆکارە ئەرێنییەکانی یاسای بازرگانیدا جەختی لەسەر کراوەتەوە کە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ دیاری کردنی جۆرەکانی کردارە بازرگانیەکان، بۆیە ئەوەی یاسای بازرگانی دیاری کردووە بە کردارێکی بازرگانی دادەنرێت و ملکەچی باج دەبێت، بەلام بێجگە لەوانە ناتوانرێت لەسەر کردارە بازرگانیەکان پێوانە بکرێت، بەو پێیەی سروشتێکی بازرگانی هەیە، ئەمە لە لایەکەوە، و لە لایەکی ترەوە، لە باج نابەخشرێت، چونکە دەتوانین بە پشتبەستن بە بڕگەی شەشەمی مادەی دووەمی یاسای باجی داهات، باجی لەسەر دابنێین.

بە بۆچوونی ئێمە دەقە یاساییەکانی باج دەبێت ئەوەندە ڕوون بن کە کەمترین لێکدانەوەیان بۆ بکرێت، چونکە یەکێک لە بنەماکانی ئاسایشی یاسایی وردی و ڕوونی دەقە یاساییەکانە بە تایبەت لە یاساکانی باجدا، بۆیە یاسادانەر دەبێ زۆر ورد بێت لە هەلبژاردنی دەستەواژەکان.

**٣-ڕیزپەرە یاساییەکان و ناکۆکی لە گەل دەستوور:**

بە وردبوونەوە لە یاساکانی باجی عێراقی کە لە هەرێمی کوردستانیش بە کەمێک هەموارەوە جێبەجێ دەکرێن دەردەکەوێت کە لە چەندین ماددەدا بە بیانوی جیاواز ڕیزپەرەی یاسایی هاتووە کە لە هەمانکاتدا ناکۆکن لە گەل دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥، ئەمەش یەکێکە لە خەشەکانی دارشتنی یاسایی لە ڕووی بابەتیەوە کە کاریگەری زۆری لەسەر هەلاوسانی دەقەکانی یاساکانی باج و ئاسایشی یاسایی هەیە، بۆ نموونە لە بڕگەی (١٤)ی ماددەی ( یەکەم)ی یاسای باجی دەرامەتی عێراقیدا هاولاتیانی دەولەتە

عەرەبیەکان لە باج بەخشراون، بەلام خۆشبەختانە یاسادانەری کوردستانی ئەم مادەیەی هەموار کردوە و ئەم ڕێزپەڕە لاداوە.( عبد و حسین، ٢٠١٦ :٢٧٢)

هەروەها لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٢٠) ی یاسای بوودجەی فیدرالی سالی ٢٠٠٨ دەق کردۆتە سەر ئەوەی کە:( بڕی سیماحاتی باج بۆ کارمەندان دووهەندە دەکرێت بە پێی بڕگەی(١)ی ماددەی (١٢)ی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (١١٣) سالی ١٩٨٢ی هەموار کراو بە پێێ بەندی (٢) لە بەشی (٢) ی فەرمانی دەسەلاتی ئیتلافی کاتی (هەلوەشاوە) ژمارە (٤٩) سالی ٢٠٠٤. (احمد، ٢٠١٩:٢٠١)

دیسانەوە لە ماددەی (٤٠) یاسای باجی دەرامەتی عێراقی بەرکاردا هاتووە کە ( پێویستە لەسەر دەسەلاتی داراپی کە ئەو بڕە باجە زیادەیەی باجدەر داوەیەتی بۆی بگەڕێنێتەوە، بە مەرجێک داواکاریەک پێشکەش بکات لە ماوەی پێنج سال لە کۆتاپی هاتنی ئەو سالە داراییەی بڕە زیادەکەی تێدا داوە، بەلام ئەو باجەی بە شێوەی لێبڕینی ڕاستەوخۆ وەرگیراوە بە بێ پێشکەش کردنی داواکاری لە لایەن باجدەر بۆی دەگەڕێندرێتەوە، ئەمەش پێشێل کردنی بنەمای یەکسانیە لە هەلسوکەت کردن لەگەل گەڕاندنەوەکان (ڕدیات). (احمد، ٢٠١٩:٢٠٥)، هەروەها لە ماددەی (٩)ی یاسای باجی دەرامەت مدیر مفەوەزی کۆمپانیاکانی بێسنووری بەسەر کەسانێتر کە مووچە یان دەرمالە وەردەگرن تەفضیل کردووە.(احمد، ٢٠١٩ :٢٠٨)

پێمان وایە ئەم ڕێزپەڕانە لە بەرژەوەندی چینێکی دیاریکراودا کراون کە لە ڕووی هەلاوسانەوە بڕگەیەکی بۆ یاسا زیاد کردووە و لە هەمانکاتدا ناکۆکی لە گەل دستووری عێراقی سالی ٢٠٠٥ی لێکەوتۆتەوە، چونکە پێشێلی بنەمای یاکسانی باجدەرانی کردووە.

سەرەڕای چەندین بڕگەیتر کە پێشێلی بنەم دەستووورییەکانی باج و ئاسایشی یاسایي کردووە، بۆ نموونە لە یاسای باجی دەرامەتی عێراقی بەرکار ژمارە (١١٣) سالی ١٩٨٢ی هەموارکراو کۆمەلێک دەق تێدایە کە پێشێلی حوکمەکانی دەستووریان کردووە، بە تایبەت پێشیل کردنی بنەمای یاسایي بوونی باج، چونکە دیارە کە بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٢٨) دەستووری عێراق سالی ٢٠٠٥ دەقنووسی کردوە کە هیچ باج و میرانەیەک ناسەپێندرێت و هەموار ناکرێت و وەرناگیرێت و لێخۆشبوونی لێناکرێت بە یاسا نەبێت. ( المعموري، ٢٠١٨: ٤٢٥ ) وەک بڕگەی (١٠) ی ماددەی(٧)دا ڕێگەی داوە لێخۆشبوون لە باج بە یاسای تایبەت ڕێکبخرێت، لە کاتی باس کردن لە لێخۆشبوونەکان بەم جۆرە باس دەکات( هەر دەرامەتێکی لێخۆشبوو بە پێی یاسای تایبەت یان ڕێککەوتنێکی نێودەولەتی). لەم دەقەدا بەدیار دەکەوێت کە بابەتی لێخۆشبوونی بە دەقێکی تایبەت یان ڕێککەوتنێکی نێودەولەتی ئیحالە کردووە و بڕیاری داوە لە گەل بڕگەکانی هاتوو لە یاسادا پەسەندیان بکات، وەک زیادەیەک لەسەر ئەو لێخۆشبوونانەی لە یاسای باجی دەرامەتدا هاتوون، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش لە ماددەی(٤١)ی یاسای ڕاژەی دەرەکی ژمارە( ٤٥)ی سالی ٢٠٠٨ دا هاتووە( لێخۆشبوون لە دەرمالەکانی ڕاژەی دەرەکی کە لە بڕگەی(ا) یەکەم لە ماددەی (١٤)ی ئەم یاسایەدا هاتووەن لە باجی دەرامەت دەبەخشرێن).( احمد، ٢٠١٩:١٨٨ )

هەروەها لە بڕگەی(١)ی ماددەی(١٢) ی ئەم یاسایەدا لە کاتی باس کردن لە سیماحات یەکسانی لە سیماحاتی یاسایي لە نێوان باجدەری یەک ژنە و باجدەری فرە ژن کردوە، کە ئەمەش پێشێل کردنی ماددەی (١٤)ی دەستووری عێراقە.( احمد، ٢٠١٩:١٩٢)

دیسان لە بڕگەی(١) لە مادەی (٥٠) ی ئەم یاسایەدا هاتووەکە( دەرامەتی ملکەچ بۆ باج بە بڕی ٧,٥٪ لە کۆی گشتی ئەو بڕەی کە وەری دەگرێت یان خاوەنی ئامرازی گواستنەوە یان کرێچیەکەی شایستەیەتی کە لە ڕیڤینگ و پۆستە و ئاژەلەکان و کالا بارکراوەکان لە عێراق وەربگرێت)، ئەمەش پێشێل کردنی بنەمای یەکسانیە. (احمد، ٢٠١٩:٢٠٦

هەروەها لە یاسای باجی خانووبەرە عێراقی ژمارە(١٦٢) ساڵی ١٩٥٩ی هەموارکراویشدا چەندین پێشێلکاری هەیە وەک ماددەی (٢) و بڕگەی (٢)ی ماددەی دووەمی ئەم یاسایە. (احمد، ٢٠١٩:٢١٦ )

دیسان لە مادەی (٢٠)ی یاسای باجی گومرگی بەرکاردا مافی یەکسانی بەم جۆرە پێشیل کراوە (پێناسەی گومرگی کارپێکراو بەسەر ئەو کاڵایانەدا جێبەجێ دەکرێت بەپێی ڕەسمی ڕێژەیي (بەهایي)ی بە پێی ئەو باروودۆخەی تێیدان، بەڵام ئەو کاڵایانەی ملکەچی ڕەسمی جۆری( بڕاوە) ن، ئەو ڕەسمەیان بە تەواوی لێوەردەگیرێت بەبێ گوێدانە بارودۆخەکەیان).
بە لێکۆڵینەوە لەم دەقە دڵنیا دەبینەوە کە یاسادانەر دوو جۆر نرخی وەرگرتووە، یەکەمیان نرخی ڕێژەیي یان بەهایە، کە بە ڕێژەیەکی جێگیرە و ناگۆڕێت، هەرچەند ئەو کاڵایانەی باجیان لەسەرە زیاد یان کەم بن. هەرچەندە ئەمەیان یەکسانی تیۆرییە، بەڵام پێشێلکردنی یەکسانی ڕاستەقینە کە یەکسانی لە قوربانیدان کە بۆ بەدەست هێنانی پێویستە نرخە هەڵکشاوەکان کە لەگەڵ زیادبوون و کەمبوونەوەی کاڵاکان زیاد و کەم دەکەن، بۆ بەرپاکردنی یەکسانی ڕاستەقینە دەبێ پشت بە توانای تێچووی باجدەران ببەسترێت.

دووەمیان نرخێکی چۆنایەتی یان بڕاوەیە کە پشت بە بڕە پارەیەکی دیاریکراو دەبەستێت وەک هەزار دینار بۆ هەر مەترێک قوماش یان بۆ هەر کیلۆیەک شەکر و ...هتد، و ئەم نرخەش لەوەی پێشوو جیاوازی نییە، لە ڕووی ڕەچاوکردنی یەکسانی تیۆری و یەکسانی ڕاستەقینە یان یەکسانی لە قوربانیدان، کە پێویست دەکات نرخەکە بگۆڕێت لەگەڵ زیادبوونی بڕی ئەو کاڵایانەی کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەرییەکەیەوە، بۆیە یاسادانەر دەبێت لە نزیکترین هەموارکردندا بەهەندی وەربگرێت.

دووەم: باجی گومرگی وەک باجێکی ماددی( عەینی) وەسف کراوە، و لێرەدا دووبارەی دەکەینەوە کە باجێکی عەینیە بە هەموو پێوەرەکان، نەک تەنها لە نرخەکەیدا، بەو پێیەی بارگرانی خێزانی باجدەرانی لەبەرچاو نەگرتووە (سیماحاتی یاسایي نەداوە) و گرنگی بە لێخۆشبوونی کەمترین ئاستی بژێوی ژیانییشی نەداوە (بەشێک لە کاڵاکانی لە باج نەبەخشیوە) و بابەتی باجەکەشی یەکلایي نەکردەوە، بەڵکو هەموو بابەتەکانی ملکەچی باج کردوە، هەرچەندە لە ڕووی نرخەوە جیاوازی لە نێوان کاڵاکان کردوە، بەڵام جیاوازی نەکردووە لە نێوان جۆرەکانی بابەتی باج لە مامەڵەکردندا، هەموو ئەمانە لەسەر بنەمای یەکسانی تیۆری لەسەر حیسابی یەکسانی ڕاستەقینە بووە، بۆیە داوا لە یاسادانەر دەکەین پشت بە هەر شتێک کە ئەم باجە دەکاتە کەسی ببستێت و لە عەینیەت دوور بکەوێتەوە، کە لە قوربانیدان لە یەکسانی لە قربانیدان دوور دەکەوێتەوە.

هەروەها یاسادانەر لە بڕگەی یەکەم و دووەمی مادەی(٢٥٠) یاسای باجی گومرگی عێراقدا مافی دادبینی پێشێل کردووە، ئەمەش شتێکی نامۆیە، بەم پێیە ئەم دوو دەقە پێشێلکارییەکی ڕوونی مافی دادبینیە، کە بە مادەی (١٩)ی دەستوور لە بڕگەی سێیەمیدا بڕیاری لەسەر دراوە، چونکە ڕێگرییان لە دادگاکان کردووە کە تانە لە بڕیاری دادگاکان بدەن.( احمد، ٢٠١٩:٢٢١)

دیسان لە یاسای باجی فرۆشراوەکان ژمارە (٣٦)ی ساڵی ١٩٩٧دا پێشێلی مافی یەکسانی کراوە و ئەمەش لەمانەی خوارەوەدا بەدیار دەکەوێت:

یەکەم:- بڕگەی (یەکەم) لە بڕیارەکەدا هاتووە کە (باجێک کە پێی دەوترێت باجی فرۆشراوەکان بە ڕێژەی (١٠٪) دەسەپێنرێت...) کە بێگومان باجی ڕێژەیی تەنها یەکسانی تیۆری بەدەست دەهێنێت، بۆیە باشتر بوو نرخی تەساعودیان بەکار هێنابا کە دادپەروەرتر بوو و یەکسانی ڕاستەقینەش بەدی دەهات.

دووەم:- ڕەچاونەکردنی بارگرانییە خێزانییەکانی باجدەر لە لایەن یاسادانەری باج لەم باجەدا و لێخۆشنەبوون لە کەمترین حەدی بژێوی ژیان وە جیاوازی نەکردن لە مامەڵەکردن بەپێی بابەتی باج و تەسفیەنەکردنی ئەو بابەتە، هەموو ئەمانە باجەکە لە بەدیهێنانی یەکسانی ڕاستەقینە دوور دەخەنەوە و تەنها لە چوارچێوەی یەکسانی تیۆریدا دەیهێڵنەوە.( عبد و حسین، ٢٠١٦: ٢٨٤)

ئێمە پێمانوایە یاساکانی باج لە ڕووی کوالیتی دارشتنیانەوە کۆمەڵێک کەموکوڕی و خەشی تێدایە بۆیە پێمان باشە سەرلەنوێ دابڕێژرێنەوە بە جۆرێک کە کوالیتیان بەرز بکرێتەوە و لە گەل بارووددۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی ئێستا و گۆڕانکاریە هەنووکەییەکاندا بگونجێن و کەم و کوڕیەکانی کەم بکرێنەوە یان لا ببردرێن، کە دواجار هەلاوسانی یاسایی تا ڕادەیەکی باش کەم دەبێتەوە.

لە ڕاستیدا دەبێت یاسادانان بە ڕاستیەکانی کۆمەڵگاوە بەستریتەوە، لێی جیا نەکرێتەوە، بەتایبەتی یاسای باج،واتە یاسادانەری باج دەبێت بە تێڕوانینێکی پاکی باج لەسەر بنەمای واقیعی بابەتەکان بڕوانێتە کێشەکان، بەو مانایەی کە لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر سیستەمی باج هەیە، بەڵام دەبینین کە ڕەچاونەکردنی واقیع، بوونی بۆشایی لە نێوان دەق و واقیع، یان نەبوونی دادپەروەریيان، ناتوانین بڵێین کە کەموکوڕییەکی یاسایی هەیە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە جێبەجێکارانی یاسا وەک دادوەر و ئەوانی دیکە ناتوانن ئەم دەقانە پشتگوێ بخەن، هەروەک چۆن بە بیانووی بوونی کەموکوڕی یان بۆشایی یاسایی ناتوانن تەواویان بکەن، بۆیە دەبێت وەک خۆیان جێبەجێ بکرێت.

بۆ نموونە یاسای باجی خانووبەرە ماوەی شەش مانگی وەک بەرزترین سنوور بۆ وەسفکردنی موڵکەکە بە بەتاڵ دیاری کردووە بەلام ئەگەر لەم ماوەیە زیاتر بوو، ئەوا زیادکردنەکە بە باج دادەنرێت، تەنانەت ئەگەر خانووبەرەکەش بە بەتاڵی بمێنێتەوە،
بۆیە پێمانوایە کە دیاریکردنی ئەم جۆرە ماوەیە نادادپەروەرییەکی زۆری لەخۆدەگرێت، بەتایبەتی کە زۆربەی باجدەرەکان کاریگەرییان لەسەر دەبێت بەهۆی جێبەجێکردنی بڕگەیەکی لەو شێوەیە لەژێر ڕۆشنایی دوودڵییان لە بەکرێدانی خانووبەرەکەیان بەهۆی ئەو یاسا باوانەی کە لە بەرژەوەندی کرێچیدان لەسەر بەکرێدەر، بۆیە باجدەر خانووبەرەکەی بۆ ماوەی زیاتر لە شەش مانگ بەکرێ نەدات، لە کاتێکدا جێبەجێکاری یاسا سەبارەت بەم دەقە نادادپەروەر بووە، چونکە سەرپشک نیە لەوەی دەقەکە جێبەجێ بکات یان نا، هەروەک چۆن ڕێگەی پێنادرێت وەسفی یاسا وەک کەموکوڕییەک (کەموکوڕییەکی خەیاڵی) بکات، وە هیچی پێنکرێت بیجگە لە جێبەجێ کردنی تەنانەت لە ژێر ڕۆشنایی نادادپەروەرییەکەی بەرامبەر بە واقیع و ملکەچبوونی بۆ ئەو ماوەیەی کە لە شەش مانگ زیاترە.

لە کۆتاییدا، دۆسیەی نادادپەروەری دەقەکان و نەگونجان لەگەڵ واقیعدا بە کەموکوڕییەکی یاسایی نازانرێت کە دەبێت پڕ بکرێتەوە، بەڵکو هەڵەیەکە لە سیاسەتی یاساداناندا کە دەبێت ڕاست بکرێتەوە.( احمد، ٢٠١٩:٢٢٤ )

هەروەها لە یاسای باجی خانووبەرەی بەرکاریشدا فیقهی دارایی نموونەیەک دەهێنێتەوە کە بوونی بۆشایی یاسایی لە دەقی یاسای باجی خانووبەرەدا پشتڕاست دەکاتەوە، سەبارەت بە پێگەی خانووبەرەی لکێنراو بە کارگەکەوە، ئەگەر کارگەکە بوەستێت، ئایا خانووبەرەکە بە بەتاڵ دادەنرێت یان نا ؟
فیقە وەڵام دەداتەوە کە ناتوانرێت موڵکەکە بە بەتاڵ هەژمار بکرێت، چونکە دەبێتە کۆگایەک بۆ پاراستنی ئامێرەکانی ناڤیگە، بەلام ئەم بۆچوونە نابێت ئەو خانووبەرەیە بگرێتەوە کە بەو کارگەیەوە بەستراوەتەوە کە بە تەواوی لەکار کەوتووە( العقارات الملحقة بالمعامل المتوقفة جميعها )، بەڵکو تەنها ئەو خانووبەرەیە دەگرێتەوە کە دوای وەستانیان بەردەوام دەبێت لە بەکارهێنانیان، جا چ وەک کۆگا یان بە شێوەیەکی تر، بەلام باقی خانووبەرە کە دوای وەستان سوودیان لێوەرناگرن، بێ گومان وەسفی شوێنی بەتاڵ دەیگرێتەوە، ئەمەو لە چەندین شوێنیتریش بۆشایی یاسایی هەیە کە پێویستی بە چارەسەرە.( احمد، ٢٠١٩:٢٢٥ )
بە بۆچوونی ئێمە بۆشایی یاسایی یەکێکە لە کەموکوڕیەکانی دارشتنی یاسایی یاساکانی باج و ئاستەنگێکە لەبەردەم ئاسایشی یاسایی لەم بوارەدا بۆیە پێویستە ئەم بۆشاییانە دەستنیشان بکرێن و چارەسەری پێویست بۆ پڕکردنەوەیان دابنرێت.

### ٣,٣ هەمواره یەک لە دوای یەکەکانی یاساکانی باج:

هۆکاری هەمواری دەقە یاساییەکان بە زۆری بۆ دەرکەوتنی خەش لە دەقە یاساییەکان دەگەڕێتەوە، وەک ناڕوونی و ناوردی و ناشەفافیەت لە حوکمەکانیدا، ڕەنگە ناڕوونی دەقێکی یاسایی بە هۆی خراپی کوالیتی دارشتنیەوە بێت، لەوانەشە بە هۆی دووروودرێژییەوە لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت، هەروەها ئەگەری ئەوەش هەیە کە بڕگەیەکی پێچەوانەی بڕگە گشتییەکانی یاسای تێدابێت.(نبى لو،١٣٨٥)

لە دارشتنی یاساییدا ڕێگەپێدراو نیە قەبارەی هەموار لە ناوەڕۆکی یاساکە زیاتر بێت چونکە هەندێک جار دەسەلاتی تایبەتمەند یاسای بەرکار بە جۆرێک هەموار دەکات کە قەبارەی هەموارەکە لە خودی یاساکە گەورەترە، بۆیە یاساساز پێویستە ئەو هەموارەی بەسەر یاسادا دەهێنێت هەڵبسەنگێنێت، ئەگەر بۆی ڕوون بوویەوە کە لە خودی ئەو یاسایە زیاترە کە هەمواری کردووە، دەبێ پێشنیار بکات لایەنی پەیوەندار یاساکە هەڵبوەشێنیتەوە و پرۆژە یاسایەکی نوێ پێشکەش بکات. (دليل الصياغه التشريعيه، بلا سنة)

یاساکانی باج لە عێراق و هەرێمی کوردستان کاتێکی زۆر بەسەر دەرچوونیان تێپەڕیوە و لە عێراق چەندین جار هەموار کراون، هەمان یاساکانیش لە هەرێمی کوردستان یاسای جێبەجێ کردنیان لە پەرلەمانی کوردستان بۆ دەرچووە و بە پێی بارووددۆخی هەرێم هەندێک مادەیان هەموار کراون، هەموو ئەم هەموارانە بۆ وەڵامدانەوەی پێشکەوتنە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان بووە کە لە یاساکاندا ئاماژەیان پێکراوە، ئەم هەموارانە لەوانەیە لە نێوان خۆیاندا ناکۆک بن، چونکە هەندێک جار بە پەلە و بە بێ خوێندنەوەی تەواو و دڵنیا بوونی پێشوەختە لە گونجان و ناکۆک نەبوونی حوکمەکانیان ئەنجام دراون، کە ئەمەش دەبێتە ئاستەنگ لە پێش جێبەجێ کردن یان شرۆڤە کردن یان بەدواداچوونیان، تەنانەت بۆ شارەزایانیش.(مفرح الفحل،٢٠١٦)

بۆیە پێمانوایە هەموارکردنی یاساکان بە گشتی و یاساکانی باج بە تایبەت نابێت لە ڕادەبەدەر بێت و دەبێ خوێندنەوەیەکی تەواویان لە سەر بکرێت و پەلەی تێدا نەکرێت، هەروەها دەبێت هەموو لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی لەبەرچاو بگیرێت، ئەگەر پێشکەوتن و گۆڕانکاریەکان پێویستیان کرد یاسایەکی باج چەندین جار هەموار بکرێتەوە، باشترە لە جیاتی هەموار کردن ئەم یاسایە هەڵبوەشێندرێنەوە و یاسایەکی نوێ بە کوالیتیەکی باشتر دابڕێژرێت.

### ٣,٤ ئایدیۆلۆژیای سیستەمی حوکمڕانی و فەلسەفە و سیاسەت و پێکهاتەی دەوڵەت:

هەموو وڵاتێک فەلسەفە و سیاسەت و ئایدۆلۆژیای تایبەت بە خۆی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت، بۆیە پێویستە ئیدارەدانی ئەوەندە ڕوون و شەفاف بێت کە ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر ڕێسا و یاساکان و گەیشتن بە ئاسایش و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی و گەشەسەندن هەبێت، بەڵام ئەم حاڵەتە ناتوانرێت گشتگیر بکرێت، چونکە هەندێک جار ڕەنگە ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبێت و ناسەقامگیری سیاسی و گۆڕانی سیستەمی فەرمانڕەوایی کاریگەری نەرێنی لەسەر یاساکان بە گشتی و یاساکانی باج بە تایبەت هەبێت و ببێتە هۆی سەرهەڵدانی هەلاوسانی یاسایی.( Pierson, 1996) هەروەها فرە سەرچاوەیی یاسادانانە لە کۆمەڵگەی سیاسیدا، کە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی سیاسی فەرمانڕەوا لەو کۆمەلگایە هەلاوسانی یاسایی دێنێتە کایەوە و ئەو دەوڵەتانەی خاوەن سیستەمی فیدرالین ئەم کێشەیە ئاڵۆزترە لەو دەوڵەتانەی سیستەمی سیاسی سادەیان هەیە.

ئێمە پێمانوایە بە فیدرالی بوونی عێراق هەلاوسانی یاساکانی باجی زیاتر کردووە چونکە پەرلەمانی فیدرال و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و ئەنجوومەنی پارێزگا بە هەرێم نەکراوەکان بوونیان هەیە کە هەر یەکەیان ڕۆلی یاسادانان دەگێڕن، هەرچەندە بابەتی باج لە دەسەلاتی پەرلەمانی فیدرالە بەلام ئەو یاسایانەی لە پەرلەمانی عێراق دەردەچن دەبێ یاسای جێبەجێکردنیان لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بۆ دەربچێت، هەندێک مادەشیان بە پێی باروودۆخی هەرێم هەموار کراون، بێجگە لەو بڕیار و ڕێنماییانەی بۆ جێبەجی کردنی یاساکانی باج لە هەردوو پەرلەن دەردەچن کێشەی هەلاوسانی یاسایی لە بواری باج چەندینبەرامبەر دەکەن.

سەڕەرای کێشەی فیدرالیزم، لەو کۆمەلگایانەی کە هێشتا بیرۆکەی دەوڵەتی مۆدێرن جێگیر نەبووە، هەلاوسانی یاساسازیان تێدا بەرجەستە و بەرچاوە، چونکە فرە سەرچاوەیی هێز یەکێکە لە خەسلەتەکانی دەوڵەتە پێش مۆدێڕنەکان.

دەوڵەتی عێراق لە سەرەتای دامەرزراندنیەوە دەوڵەتێکی ناسەقامگیر بووە و بە چەندین قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە هەر لە سیستەمی پاشایەتیەوە بگرە تاکوو سیستەمی کۆماری و دواجار سیستەمی فیدرالی، هاتنەسەر حوکمی چەندین رژێمی کاریگەر بە فەلسەفە و سیاسەتی جیاواز کە کاریگەری لەسەر سیستەمی یاسایی بە گشتی و سیستەمی یاسایی باج بە تایبەت هەبووە، چونکە گوازرانەوە لە سیستەمێکی سیاسی بۆ سیستەمێکیتر کاریگەری لەسەر سیستەمی یاسایی ولاتیش دادەنێت.

عێراق لە دوای ٢٠٠٣ کە سیستمی فیدراڵی وەک ڕێبازێکی دەستووری دەستنیشان کردووە بە روونی لە دەستووری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥ بەدیار دەکەویت، هەرچەندە یاساکانی باجی عێراقی کە چەندین سال بەسەر دەرچوونیاندا تێپەڕیوە و چەندین جار هەموار کراون و لە گەل باروودۆخی هەنووکەییدا ناگونجێن، دەبوایە دەبێ بە پێی دەستووری هەمیشەیی هەموار بکرێن یان هەلبوەشێندرێنەوە و یاسای نوێی باج دەربکرێن، بەلام ئەوە نەکرا بەلکوو بە پێی ماددەی(١٣٠) دەستووری هەمیشەیی عێراقی ٢٠٠٥، کە دەلێت" یاسا بەرکارەکان کاریان پێدەکرێت، تاکوو هەلنەوەشیندرێنەوە یان هەموار نەکرێن بە پێی حوکمەکانی ئەم دەستوورە" هەلسووکەوتیان لە گەل کرا و تاکوو ئێستاش سەڕەڕای چەندێن مادە و بڕگەی نادەستووری کاریان پێدەکرێت و هەلنەوەشاونەتەوە.( دەستووری هەمیشەیی عێراق، ٢٠٠٥، ١٣٠) هەروەها ئەو یاسایانەی لە سالی ١٩٩٢وەوە لە هەرێم دەرکراون کاریان پێدەکرێت، وە بریارەکانی حکومەتی هەرێم – بە بریارەکانی دادگا و گرێبەستەکانیشەوە- کاریان پیدەکرێت تاکوو لە لایەن لایەنە پەیوەندارەکانەوە بە پێی یاساکانی هەرێمی کوردستان هەموار نەکرێن یان هەلنەوەشێندرێنەوە، بە مەرجێک پێچەوانەی ئەم دەستوورە نەبن.(دەستووری هەمیشەیی عێراق، ٢٠٠٥، ١٤١)

### ٣,٥ دەستێوەرانی دەسەلاتی جیبەجێ کردن لە یاسادانان:

دەسەلاتی جێبەجێ کردن یان حکومەت ڕۆلێکی گەورەی هەیە لە ئامادە کردن و پێشکەش کردنی پرۆژە یاساکان، بۆیە دەستوەردانی حکومەت لە دانان و پێشنیارکردنی یاساکان یەکێکە لە هۆکارەکانی زیاد بوونی ژمارەی یاساکان.( احمد، ٢٠١١-٢٠١٢)

هەندێک دەقی یاسایی لە یاساکانی باجدا هەیە کە تایبەتمەندی داوە بە دەسەلاتی جێبەجێ کردن لە دەستوەردان لە کاروباری سەپاندن و وەرگرتن و هەمواركردن و لێخۆشبوون لە باج، کە لە لایەک دەبێتە هۆی هەلاوسانی دەقەکانی یاساکانی باج و لە لایەکیتر ناکۆکن لە گەل دەستوور، چونکە دەستووری عێراقی بەرکار لە بڕگەی(یەکەم)ی ماددەی (٢٨)یدا ئەم تایبەتمەندیەی بە پاوانکراوی داوەتە دەسەلاتی یاسادانان، بۆ نموونە بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی(٧) لە یاسای باجی دەرامەت کاتێک باس لە دەرامەتە بەخشراوەکان لە باج دەکات دەلێت( دەرامەتی ئەوقاف و پەرستگا و قوتابخانە ئاینیەکان کە بە یاسا دانیان پێدانراوە، وە لایەنە خێرخوازیەکان و تەهزیبیەکان کە بۆ سوودی گشتی دامەزراون، ئەگەر لە پیشەسازی یان پیشە یان کردارێکی بازرگانیەوە سەرچاوەیان نەگرتبێت، تێبینی لەسەر ئەم دەقە ئەوەیە کە کۆمەلێک دامەزراوەی دیاری کردووە کە چالاکی بیسوودیان هەیە و بڕیاری لێخۆشبوون لە باجی بۆ داون بە دەقێکی یاسایی ڕاشکاو کە لە گەل دەستووری عێراقی بەرکاردا دەگونجێت، بەلام ئەوەی جیاوازە ئەوەیە کە یاسادانەر هەندێک لە دامەزراوەکانی کە لێخۆشبوون دەیانگرێتەوە بۆ دەسەلاتی جێبەجێ کردن جێ هێشتووە کە خۆی لە دەسەلاتی داراییدا دەبینێتەوە. ( ٤٢٥-٤٢٦)

هەروەها ماددەی دووەمی یاسای باجی زەویوزار دەقی کردۆتەسەر ئەوەی کە( ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە کە هەندێک قەزا وناحیە لە حوکمەکانی ئەم یاسایە ڕێزپەڕ بکات لەسەر پێشنیاری وەزیر، ئەمەش ناکۆکە لە گەل ماددەی (٢٨) دەستووری عێراقی بەرکار، چونکە هەر ڕاسپاردنێکی ڕاشکاو بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بەمەبەستی سەپاندن و لێخۆشبوون لە باج لە ڕێگەی ڕەزپەڕ کردنی هەندیک قەزا و ناحیە لە ملکەچبوونی زەوەیوزاری ناو سنووری شارەوانیەکانیان لەو باجە بە بێ بەلگەی دەستووری بە پێشێلکردنی ڕاشکاوی بنەمای یاسایی بوونی باج لەقەلەم دەدرێت، کە خوازیاری ئەوەیە سەپاندن و لێخۆشبوون لە باج لە تایبەتمەندی پاوانکراوی دەسەلاتی یاسادانەری هەلبژێرداوە، تەنانەت ئەگەر ئامانجەکانی ئەم لێخۆشبوونە پاکیش بن. ( احمد،٢٠١٩: ٢١٤-٢١٦ )، دیسان لە بڕگەی( ٧)ی ماددەی (٤)ی یاسای باجی زەویوزاری عێراقی ژمارە (٢٦)ی سالی ١٩٦٢ی هەموارکراودا ئەو زەویوزارانەی تەرخانکراون بۆ بەرژەوەندی یان ئامانجی گشتیتر، بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران لە باج بەخشیوە. ( احمد،٢٠١٩: ٢٢٢ )

یاسای باجی گومرگی عێراقی ژمارە (٢٣) ساڵی١٩٨٤ی بەرکاریش کە لە دوای دەرچوونیەوە تا ئەمڕۆ چەندین جار هەموار کراوە، زۆرێک لە بڕگەکانی نادەستوورین، لەبەر پێشێل کردنی بنەمای یاساییبوونی باج و مافی یەکسانی و مافی دادبینی.( عبد و حسين،٢٠١٦: ٢٧٩)

**٣,٦ تێنەگەیشتن لە سیاسەتی یاسادان و فەلسەفەی باجەکان:**

کەموکوڕی هاوبەش لە نێوان ولاتاندا هەیە لەسەر سیاسەتی یاسادان بە تایبەت کاتێک پێشنیاری یاسایەکی نوێ دەدرێتە پەرلەمان بە بێ گرنگیدان بەو ڕێبازەی کە پێویستە یاسادانەر لەسەر بڕوات، وە لەبەر ئەوەی بارودۆخی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی لە دەولەتێک بۆ دەولەتێکیتر جیاوازە، بە دلنیاییەوە دەبێتە هۆی دوور کەوتنەوە لەو ئامانجە ڕاستەقینەیەی کە یاسادانەر هەولی بۆ دەدات، بەم جۆرە دەبێتە هۆی ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەک کە بە ووردی دانەڕێژراوە بە تایبەت کاتێک لە ولاتێکیترەوە هاوردەکراوە، لەوانەیە ئەم یاسایانە لە گەل ئەم پرۆژە یاسایە ئامادەکراوە نەگونجێت، وە گرینگیەکی ئەوتۆ بە ڕادەی گونجانی پرۆژە یاساکەی بەردەست نەدرابێت، لە ڕاستیدا کەموکوڕیەکانی سیاسەتی یاسادانان دیاری ناکرێن، تاکوو درافتی یاساکان دانەڕێژرێت.( الحجار، ٢٠١٠-٢٠١١)

بۆ سەلماندنی هەلاوسانی یاسایی لە یاساکانی باج لە عێراق و هەرێمی کوردستان هەرچەندە ئامارێکی تەواو لە سەر ژمارەی یاسا بەرکارەکان لە عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەت نیە، بەلام بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوەیەکگرتووەکان (UNDP) هەلساوە بە دامەزراندنی مالپەڕێکی ئەلیکترۆنی بۆ یاساکانی عێراقی کە ئەوە نیشان دەدات کە لە سالی ٢٠٠٤ تاکوو سالی ٢٠٠٨ نزیکەی (٢٧٤٤٣) یاسای پەسەند کراون، کە ئەوەش ئاماژەیە بۆ زۆری یاسا و ڕێنماییەکان. (عبدالكريم و حامد، ٢٠٢٢ )

یاساکانی باج لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش کە وەک بەشێکی ئەم پرۆسەیە پشکی شێریان لە هەلاوسانی یاسایی بەردەکەوێت خراپی سیستەمی باجی عێراقی و داڕشتن و ڕێکخستن و ڕێزبەندی یاساکانی باج نیشان دەدات، سەرەرای ئەوەی ناکۆکە لە گەل بنەمای ڕاشکاوی و دلنیایی باج، کە دەبێتە هۆی بێباوەڕی باجدەران بە باج و فەرمانگەی باج.

کۆماری میسری عەرەبیش، کە نوێترین ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە (٦٠) هەزار یاسای تێدا هەیە، بۆیە چەندین کۆنگرە و سیمینار ئەنجام دراون و تێیدا یاساناسان داوای ڕووبەروو بوونەوەی کێشەی هەلاوسانی یاساییان کردووە لە ڕێگەی یەکخستنەوە و داڕشتنەوەی یاساکان، ئەنجومەنی دەولەت مەزندەی کردووە کە نزیکەی (٩٠٠٠) یاسا بەرکارن لە سالی (٢٠٠٠)، وە بە لایەنی کەمەوە سالانە (٧٠) یاسا و (٥٠) مەرسومیش زیاد دەکرێن، بەلام ژمارەیەکی تر کە باشتر دەلالەت لە هەلاوسانی یاسایی دەکات بریتیە لە ژمارەی لاپەڕەکانی کۆمەلە یاسایەک کە کۆمەلەی نیشتیمانی دەریان دەکات لە ماوەی سی و پێنج سالی ڕابردوودا پێنج بەرامبەر بووە، واتە لە (٦٢٠) لاپەڕەوە لە سالی (١٩٧٠) زیادی کردووە بۆ(٢٥٥٦) لاپەڕە لە سالی ٢٠٠٤ بێجگە لە مەراسیم و خشتەکان. (التميمي،٢٠١٦)

لە فەرەنساش لە سالی ٢٠٠٨دا دوو نووسەری فەرەنسی بە ناوەکانی ساسیەر و لانسۆت، بابەتگەلێکیان خستووەتەڕوو کە ئیدانەی هەڵاوسانی یاساکان دەکەن، کە بەم شێوەیە دەست پێدەکات: "بانگەشەی ئاگادار نەبوون لە یاسا لە کەس قبوڵ ناکرێت".

بۆ ئەوەی پابەند بێت بە یاسایەکی لەم چەشنە، پێویستە هەموو فەرەنسیێک ئاشنای زیاتر لە ١٠ هەزار و ٥٠٠ یاسا، ١٢٠ هەزار ڕێسا و نامەی کارگێڕی، ٧ هەزار و ٤٠٠ پەیماننامەی نێودەوڵەتی، ١٧ هەزار ڕێسای ناوچەیی (یەکێتی ئەوروپا) و دەیان هەزار لاپەڕەی یاسا جۆراوجۆرەکان (کۆد) بێت، لە گەل ئەوەشدا هەندێک لەو دەقانە بە بەردەوام دەستکاری و هەموار دەکرێن، تەنها لە ساڵی ٢٠٠٦دا، شەش هەموار لە ڕۆژێکدا تەنها لە کۆمەڵە یاساکانی باجدا ئەنجام دراون، بەم شێوەیە فەرەنسا پاڵەوانی یاسادانانە لە جیهان، بە پشتبەستن بە تێبینییەکانی ئەم نووسەرانە، ئەو کۆمەڵە یاسایەی کە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی فەرەنسا و یاساکانی دیکەی هەبوو لە ساڵی ١٩٧٠ لە ٦٢٠ لاپەڕەوە بۆ ٣٥٠٠ لاپەڕە لە ٢٠٠٥ گەشەی کردووە.(التميمي،٢٠١٦)

**٤.کاریگەری هەڵاوسانی یاساسازی باج لەسەر ئاسایشی یاسایی:**

یەکەمین دەرئەنجامی زیادەڕۆیی لە یاسادانان و زۆر بوونی یاساکانی باج و سەرچاوەکانی ئەوەیە کە باجدەران زەحمەتتر دەستیان بە یاساکان ڕادەگات و ئاگاداری ناوەڕۆک و ڕێسا بەرکارەکانی دەبن.(مكای و برجيان، ١٣٩٦ :٤٥) زۆری ڕێنماییەکان باج دەبێتە هۆی ئالۆزتر بوونی یاساکان و دواجار لە ئەنجامی ناکۆکی ناوخۆی ڕێساکان لە گەل یەکتردا ناگونجێن، ئەم دوو بابەتە دەبێتە هۆی لاوازبوونی ئاسایشی یاسایی لە بواری باج کە مەرجی سەرەکی کارایی هەر سیستەمێکی یاساییە.

باجدەرانیش کە تووشی سەرلێشێوان بوون ناچار پەنا دەبەنە بەر یاساناسەکان کە ئەمەش بارگرانیەکی ماددی لەسەریان زیاد دەکات و گەیشتن بە دادپەروەری و دادبینی کەمتر دەکاتەوە و باجدەران بۆ ئاگادار بوون و پاراستنی مافەکانیان ڕێگەیەکی دوورودرێژتر دەبڕن، کە زیادبوونی ئەم قۆناغانە کاریگەری نەرێنی لەسەر چینی هەژار زیاترە لە چینی دەولەمەند، ئەمەش دەبێتە هۆی بەدگومانی و بێ باوەڕی بە یاساکان و جێبەجێکارانی یاسا.

هەروەها ئاگادارنەبوونی ناتەواو و نایەکسانی تاکەکان لە مافەکانیان، لە پاڵ زۆری قەبارەی یاساکان، ئەگەری جێبەجێ کردن و پیادەکردنی نادروستی یاساکان زیاتر دەکات کە خۆی لەخۆیدا بە یەکێک لە هۆکارەکانی نائارامی یاسایی و دادوەری هەژمار دەکرێت. هەردوو پێکهاتەی نائارامی یاسایی و بێ باوەڕی بە یاساکان دەکرێ ببێتە هۆی سەرپێچیکردنی ڕاشکاوانە یان شاراوە لە یاساکان کە لە شێوەی ئابووری ڕەش یان خۆلەمێشی سەرهەلدەدات.( Schuck, 1992: 167 )

دواجار دەسەلاتداران ناتوانن لە بەرامبەر ئەم نافەرمانیە دەستەوەستان ڕاوەستن و ئەگەری ئەوە هەیە بۆ قەرەبووکردنەوەی ناکارایی ئەم جۆرە یاسایانە، دەست بە یاسادانانی دووبارە ببەن، بەم جۆرە یاسایەک بۆ چاکسازی یاسایەکیتر دەردەکەن و ئەم یاسایەس لەوانەیە کاریگەری نەبێت. یەکێک لە بەلگە سەلمێنەرەکانی ئەم دیاردەیە یاسادانانی پەرشوبلاوە، واتە یاسادانانی چەند یاسایی بە تایبەت هەمواری یەک لەدوای یەکی یاساکان و هاوپێچ کردنی بابەتی نووی بۆ یاسا کۆنەکان، بێگومان گونجانی سیستەمی یاسایی و دەستڕاگەیشتنی باجدەران بە یاسا بەرکارەکان ڕووبەڕووی کێشە دەکاتەوە، کە دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەم پەرشوبلاویە هەلاوسانی یاساسازیە کە ڕێگری لە ڕوونی و دەستڕاگەیشتن بە یاساکان دەکات وە دەبێتە هۆی تارمایی و ناڕوونی سیستەمی یاسایی کە دواجار دەبێتە هۆی لاوازی دەولەتی یاسا( مكای و برجيان، ١٣٩٦ :٤٥)

سەبارەت بەم بابەتە (ڕینێ مۆنۆری) سەرۆکی ئەنجوومەنی سەنای فەرەنسا لە سای ١٩٩٥ سەبارەت بە دەرئەنجامە خراپەکانی ئەم دیاردەیە دەڵێت' کەڵەکە بوونی دەقە یاساییەکان دەبێتە هۆی بێ بەها بوونی یاساکان".( مکای و برجیان، ١٣٩٦ : ٤٦)

بە پێی تیۆری (کاربۆنیە) ش زۆرترین هەلاوسانی یاسایی لە بوارەکانی باج و یاسای کار و بابەتەکانی شارشتانی و ژینگەیی یە.( Carbonnier, 1996 : 110 )

زۆرەی ژمارەی دەقەکان و خراپی داڕشتنیان و ئاڵۆزی و ناڕوونییان و هەمموارکردنەوەی بەردەوامیان، دەبێتە هۆی ناسەقامگیری پێگە یاساییەکانی باجدەران و بەمەش ئاسایشی یاسایی تێکدەچێت و کێشەی خۆدزینەوە لە باج زیاد دەکات، کە ئەمەش لە بەرامبەردا ڕێگری لە گەشەسەندنی ئابووری دەکات.(قحطاني، ٢٠٢١: ٥)

هەلاوسانی یاسازی کاریگەری لەسەر هەردوو سیستەمی یاسایی و دادوەری هەیە، چونکە ئاستەنگ بۆ دەستڕاگەیشتن و ئاگاداربوون لە یاساکانی باج دروست دەکات، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی دادگاکان بڕیاری ناکۆک دەربکەن و لە دوورمەودادا پێشێلی پێگەی یاسایی باجدەرانی لێبکەوێتەوە.( نبیل،٢٠٢١)، هەروەها ئەم دیاردەیە کۆمەڵێک کێشەی یاسایی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، وەک ناکۆکی دەقەکانی یاسای باج، کە دەبێتە هۆی ئەوەی تێگەیشتن و ئاگادار بوون لە ناوەرۆکی یاسا و هەڵبژاردنی ڕێگەچارەیەک لە کاتی سەرهەڵدانی کێشەکان زەحمەت بێت.(سهام، ٢٠١٩)، دیسانەوە تێکگیران و پێشێلکردنی مافەکانی باجدەران و نائارامی یاسایی و ناسەقامگیری کە ئامانجی یاسادانەرن یەکێکیترە لە لێکەوتەکانی هەلاوسانی یاسایی یاساکانی باج .(کمال و عبدللطیف، ٢٠٢١) سەرەڕای دابەزینی بەهای یاسایی یاسادانان کە کاریگەری لەسەر سیستەمی یاسایی باج بە گشتی دادەنێت، لە ڕێگەی دەرکەوتنی کۆمەڵێک کێشە کە دەبنە بەربەست بۆ ڕەوتی ئاسایی ڕێساکانی باج، دواجار کاریگەری نەرێنی لەسەر چالاکی یاسادانان و هەموار کردنی یاساکانی باج بە گشتی و پێشێل کردنی ماف و ئازادیەکانی باجدەران دەبێت.( سهام، ٢٠١٩)

دیاردەی هەلاوسانی یاسایی کاریگەری لەسەر سیستەمی یاسایی دەبێت لە ڕێگەی بەدیارکەوتنی کۆمەڵێک کێشە کە دەبنە بەربەست بۆ ڕێڕەوی ئاسایی ڕێسا یاساییەکان، هەروەها چالاکی یاسادانان و پێشێل کردنی ماف و ئازادیەکانی باجدەران، هەروەها بەهای یاسایی یاسادانان دادەبەزێت. (نوال، ٢٠١٨) ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێک جار دەسەڵاتی جێبەجێکردن ناچار بکرێت ئەو بۆشاییانە پڕبکاتەوە و چارەسەری ئەم کەموکوڕیانە بکات کە لە دەقە یاساییەکاندا هەیە، لەڕێگەی دەرکردنی مەراسیمی سەرۆکایەتی یان جێبەجێکاری، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەنجامی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە، ئەویش لێکدانەوەی هەڵەیە کە ڕێسای یاسایی لە واتا ڕاستەقینەیەی دوور دەخاتەوە.

لەبەر ئەوەی هەلاوسانی یاسایی یەکێکە لە بەرجەستەترین بەربەستەکانی ئاسایشی یاسایی، بۆیە دەکرێ بڵێین یەکێک لە گرنگترین لێکەوتە و دەرئەنجامەکان و یەکێک لە گرنگترین بنەما و هۆکارەکانی پاکسازی یاساکان بەررنگاربوونەوەی هەلاوسانی یاسا و ڕێنماییەکانە، کە دواجار کاریگەری لەسەر بەرقەراری ئاسایسی یاسایی و ڕێسا و بنەما یاساییەکانتر وەک شەفافیەت و گونجان و یەکگرتوویی و ئاسانی دەستڕاگەیشتن بە یاساکان و... هتد دادەنێت. (نبی لو،١٣٨٥) زیادەڕۆیی لە دەقە یاساییەکان یان لە ئەنجامی نەبوونی لێکۆڵینەوەی پێشوەختەیە، یان دەرئەنجامی پڕکردنەوە(حشو) و زۆربلێیی لە داڕشتندایە، بە هەر حاڵ هەلاوسانی یاسایی ناکۆکی لە دەقەکاندا دروست دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی جیاکردنەوەی یاسای بەرکار و هەڵوەشاوە یان هەڵپەسێردراو قورس ببێت. ( فلوی القحطاني، ٢٠٢١: ١)

هەڵاوسانی دەقەکانی باج تاکە هۆکار نییە بۆ هەستکردن بە نائارامی یاسایی کە ڕەنگە باجدەران تووشی بن، بەڵکو هەمموارکردنەوەی بەردەوام و یەک لە دوای یەک لە دەقەکاندا هۆکارێکی سەرەکییە بۆ هەڕەشەکردن لە ئاسایشی یاسایی، بەو پێیەی سروشتی چالاکیە بازرگانی و ئابوورییەکان لەسەر بنەمای مامەڵە و پەیوەندییەکانی داهاتووە کە کاریگەرییەکی درێژخایەن و بەرفراوانیان هەیە بنیاتنراوە، یاساکانی باج دەبێت چاودێر بن، بۆ ئەوەی بتواندرێت بۆ درێژترین ماوە کاریان پێبکرێت، کە سەقامگیری ناوەندە یاساییەکان مسۆگەر دەکات.( القحطاني،٢٠٢١: ٣)

زۆری ڕێسا یاساییەکان و کەڵەکەبوونیشیان یەکێکە لەو بابەتانەی دەبێتە هۆی پێشێل کردنی پرەنسیپی ئاسایشی یاسایی.(فخری، ٢٠٢٢، ٢٠٧)

توێژەر پێی وایە هەڵاوسانی یاساسازی کاریگەری نەرێنی ڕاستەخۆی لەسەر بنەماکانی ئاسایشی وەک یاسایی بوونی باج، دەستڕاگەیشتنی ئاسان لە یاساکانی باج لە ڕێگەی بلاو کردنەوەی یاساکان، نەگەڕانەوەی یاساکانی باج، ڕوونی و ڕاشکاوی و ئاسان تێگەیشتن لە یاساکانی باج، پێشبینیکراوی یاساکانی باج هەیە، کە لە دەستووری زۆربەی ولاتان بە دەستووری بەرکاری عێراقیشەوە دەقنووس کراون، وە دواجار دەبنە هۆی ئەوەی مخاتەبەکانی یاساکان باج بە ئاسانی دەستیان بە ڕێساکانی ڕانەگات و لێی بێئاگا بن لەبەر زۆری دەقە یاساییەکان و پەرشوبلاویان، هەروەها بە ئاسانی لێیان تێنەگەن لەبەر ناڕوونی و ئاڵۆزیان کە دەبێتە هۆی ئەوەی لێکدانەوەی جۆراوجۆر بۆ دەقەکانی بکرێت و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بقۆزرێتەوە، هەروەسا پێشێلی ماف و ئازادیەکانیانی باجدەران بکرێت لەبەر پابەند نەبوون بە بنەمای یاسایی بوونی باج، سەرەڕای ئەوەی دەبێتە هۆی خۆدزینەوە لە باجدان کە کاریگەری نەرێنی لەسەر داهاتی گشتی ولات دادەنێت.

## ٥. میکانیزەکانی چارەسەرکردنی هەڵاوسانی یاسازی لە یاساکانی باجدا:

چەندین میکانیزمی جیاواز بۆ کەمکردنەوەی هەلاوسانی ڕێسا و یاساکانی باج هەیە کە خۆی لە دانانی لیژنەی پسپۆر و داڕشتنی یاسایەکی تۆکمە و کوالیتی بەرز بۆ باجەکان، چاودێری لەسەر یاسادانان، هەروەها یەکسازی و پاکسازی یاساکانی باج دەبینێتەوە.

### ٥,١ دانانی لیژنەی پسپۆر:

واتە دانانی لیژەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان لە کۆمەڵەی بچووکدا ( بە شێوەی هەمیشەیی یان کاتی) لە گەڵ کۆمەڵێک ڕاوێژکار و پسپۆرەکانی دارایی و یاسایی، بۆ پێداچوونەوە بە پرۆژە یاساکانی باج و داڕشتنیان بە وردی لە ڕووی تەکنیکی و داخوازیەکانی کۆمەڵگا، ئەم لیژنانە مافی گەنگەشی دەرەوەی پەرلەمان و دوور لە چاوی کامێراکانیان هەبێت، بۆ ئەوەی متمانەیان لە نێواندا هەبێت و بەدوور بن لە مزایداتی سیاسی و ڕاگەیاندن. ( احمد،٢٠١١:١٠٣)

### ٥,٢ داڕشتنی یاسایی کوالیتی بەرز:

داڕشتنی یاسایی باش ئەو ئامانجە یان مەبەستەیە کە یاسادانەر هەوڵی بەدەست هێنانی دەدات و فەلسەفە هاوچەرخی دادپەروەری باجەکانە، وە بۆ ئەوەی داڕشتێکی یاسایی نموونەییان هەبێت دەبێ یاسادانەر ڕەچاوی پێوەرە ڕواڵەتی و بابەتیەکانی داڕشتنی یاساکان بکات.

#### ٥,٢,١ پێوەرە بابەتیەکانی داڕشتنی یاسایی:

محدداتی ناوەرۆکی یاساکانە کە لێرەدا یاسادانەر ئازاد نیە لە دارِشتنی سیستەمێکی یاسایی نویێ، بەلکوو پابەندە بە دەستوور و نابێ پێشێلی بنەماکانی بکات و یاسایەکی ناکۆک لە گەل رِێساکانی دەستوور دابرِێژێت( بالایی بابەتی دەستوور) و سوود لە یاسای بەراوردکاری وەربگیرێت، بەلام نابێت یاسای بێگانە وەک خۆی جێبەجێ بکرێت، بەلکوو دەبێ باروودۆخ و ژینگەی دەولەتەکەی لەبەرچاو بگرێت.( بهادغي و ععبودي، ٢٠١٢: ٤١)، هەروەها دەبێت رِێساکانی یاسای نێودەولەتی و ئەو پەیماننامە و رِێککەوتننامانەی کە دەولەتەکەیان چووەتە ناوی یان پەسەندی کردووە رِەچاو بکرِیت و رِێزی لێبگیرِیت، هەروەها یاسا دەبێت لە گەل پێویستی کۆمەلگادا بگونجێت و نابێ لە گەل دەقەکانی یاسایەکیتر ناکۆک بێت.( بهادغي و العبودي، ٢٠١٢: ١٠٣)

## ٥,٢,٢ پێوەرە رِوالەتیەکانی دارِشتنی یاسایی:

پێویستە یاسادانەر رِێز لە رِێسا رِوالەتیەکانیش بگرێت کە لە دەستووردا دەقنووس کراون، هەروەها هەموو بنەما گشتیەکان و پەیرِەوە ناوخۆییەکانی پەیوەست بە رِوالەتیەکان لەبەرچاو بگرێت، چونکە ئەم پێوەرانە جەوهەری پرۆسەی یاسادانان.(الشیخلي،١٩٩٥: ٥٠)

کوالیتی دارِشتنی یاساکان و رِوونی و رِاشکاوی و پێشبینیکراوی یاساکانی باج گرنگترین بنەماکانی بەرپا بوونی ئاسایشی یاسایین لەم بوارەدا.(قحطاني، ٢٠٢١: ١)

## ٥,٣ چاودێری لەسەر یاسادانان:

چاودێری لە سەر یاسادانان بە دوو شێواز دەکرِیت، یەکەمیان چاودێری پێشوەختەیە کە بە چاودێری دەستووری یان سیاسی ناسراوە، دووەماین چاودێری پاشوەختەیە کە بە چاودێری دادوەری ناوزەد دەکرێت.

## ٥,٣,١ چاودێری دەستووری:

ئامانجی سەرەکی چاودێری دەستووری ئەوەیە کە هیچ یاسایەک دانەندرێت کە دژایەتی حوکمەکان و بنەماکانی دەستووریەکان لە دەولەتدا بکەن، بە تایبەت سەبارەت بە دەستوورە رِەقەکان، بە پێچەوانەوە یاساکان بە نادەستووری هەژمار دەکرێن و پێویستە هەموار بکرێنەوە یان هەلبوەشێندرێنەوە یان کاریان پێ نەکرێت. (شرفاني، ٢٠١٦: ١٩٤) بەشترین نموونەی ئەم جۆرە چاودێریەش فەرەنسایە، کە بە پێی ماددەی (٥٦) دەستووری کۆماری پێنجەم سالی ١٩٥٨، دەستەیەکی سیاسی دامەزراندووە بە ناوی( ئەنجوومەنی دەستووری)، کە ئەرکی چاودێری لەسەر دەستووری بوونی یاساکانە پێش دەرکردنیان. چاودێری لەسەر دەستووری بوونی یاساکان پێشوەختەیە نەل پاشوەختە، وە دوو جۆریشی هەیە، چاودێری ناچاری و  چاودێری ئارەزوومەندانە، سەبارەت بە ئەوەی یەکەمیان دەستووری ناچاری کردووە کە یاسا بنەرِەتیەکان پێس دەرچوونیان  و لەوایحی ئەنجوومەنەکانی پەرلەمان پێش جێبەجێکردنیان بدرێنە ئەنجوومەنی دەستووری بۆ ئەوەی دەستنیشان بکات کە لە گەل دەستوور دەگونجێت یان نە(ماددە ٦١)، بەلام سەبارەت بە یاساکانیتر سەرۆکی کۆمار یان وەزیری یەکەم یان سەرۆکی یەکێک لە ئەنجومەنەکان دەتوانن یاساکان پێش دەرچوونیان بنێرنە ئەنجوومەنی دەستووری.( خالد، ٢٠١٣: ١٥٦)

## ٥,٣,٢ چاودێری دادوەری:

لەبەر هەستیاری چاودێری دەستووری دادگای بالای ئەمریکا رِێسایەکی دانا کە تێیدا هاتووە:" ئەسلی دەقە یاساییەکان ئەوەیە کە گریمانەی دەستووریبوونیان دەکرێت" بە پێچەوانەوە رِێگەی تانەلێدان لە دەستووریەتی یاساکان هەیە و دەستەیەکی دادوەری ئەرکدار دەکرێت بەم جۆرە چاودێریە، بەلام دەرئەنجامی ناکۆکی یاسا لەگەل دەستوور.( شرفاني، ٢٠١٦: ١٩٤) یەکێک لەم بژاردانەی خوارەوەیە: یەکەم: جێبەجی نەکردنی یاسای نادەستووری، دووەم: هەلوەشاندنەوەی یاسای نادەستووری.(خالد، ٢٠١٣: ١٥٦) لە عێراق بە پێی ماددەی(٩٣/ یەکەم)ی دەستووری بەرکار چاودێری لەسەر دەستووری بوونی یاسا و رِێنماییە بەرکارەکان بە دادگای فیدرالی بالا سپێردراوە.(نعمة، ٢٠١٥: ١٠٧)، لە میسر ماددەی (١٧٤و ١٧٥)ی دەستووری سالی ١٩٧١، ئەرکی چاودێری دادوەری تەنها بە دادگای دەستووری بالا سپاردووە، هەروەها لێکدانەوە و رِاڤەکردنی یاساکانیش دەگرێتە ئەستۆ.( دەستووری میسری سالی ١٩٧١ی هەموارکراو: ١٧٥ )

## ٥,٤ یەکسازی یاساکانی باج:

یەکسازی یاساکانی باج بە پەیرِەوکردنی یەکێک لەم دوو شێوازەی خوارەوە دەکرێت:

یەکەم: رێکخستنی ئەم یاسایانە لە یاسایەکی یەکگرتوودا بە ناونیشانی( یاسای گشتی باج) وە دووبارە دارِشتنەوەی بۆ ئەوەی لە گەل سروشتی سیستەمی ئابووری و دارایی و فەلسەفەی دەولەتی ئایندەدا بگونجێت، بە جۆرێک کە هەموو باجە رِاستەوخۆ و نارِاستەوخۆکان کە بەسەر دەرامەت و سەرمایەدا دەسەپێندرێت لە کاتی بەدەست هێنانیان یان خەرج کردنیان یان گۆرینەوەیان، ئەمەش ناموکین نیە، بگرە ئەگەر حوکمەکانیشیان جیاواز بن، بەلکوو دەکرێ  کۆدەکە دابەشی دوو یان سێ بەش بکرێت و لە نێوان چەند بەشیکی جیاوازدا ناوبنرێن کە هەریەکەیان بە پێی وعای باجی دیاریکراو، لە گەل دەقنووس کردنی حوکمە هاوبەشەکان لە بەشێکی تایبەت یان سەربەخۆدا کە بەسەر هەموو باجەکاندا دەچەسپێت، ئەمەش تەنها پێویستی بە بیر کردنەوەیەکی پێشوەختەی قوول هەیە لەسەر بەکار هێنانی تەکنیکەکانی دارِشتنی یاسایی.

دووەم: ئەگەر ئەوەش ناکۆکی لەسەر بوو لەبەر جیاوازی باجەکانی رِاستەوخۆ و نارِاستەوخۆ لە زۆر حالەتدا، سەرِەرای لایەنەکانی مکلف بە وەرگرتنی باج، دەکرِی رێگە چارەیەکی مامناوەند دابنرێت ئەوێش دەرکردنی دوو یاسای سەربەخۆی باج، یەکێکیان تایبەت بە باجە رِاستەوخۆکان ( کە باجی دەرامەتی گشتی و باجی خانووبەرە و باجی زەویوزار و باجی دەرامەت لەسەر کۆمپانیا بیانیەکانی نەوت) لە خۆ بگرێت، دووەمیان تایبەت بێت بە باجە نارِاستەوخۆکان (باجی گومرگی و باجی بەرهەمهێنان و باجی بەکاربردن و باجی فرۆشراوەکان و باجی تۆمارکردن).( احمد، ٢٠١٨ :١٠١)

## ٥,٥  پاکسازی یاساکانی باج:

کۆمەلە رێککار و پرۆسە کە کۆکردنەوە و پۆلینکردن و پالاوتنی یاساکان لە خۆ دەگرێت پێی دەوترێت تەنقیح، سەرەتا هەموو یاساکان بە دروست و نادروستەوە لە سەرەتای قۆناغی یاسادانانەوە کۆکراونەتەوە، پاشان ئەو یاسایانەی کە پەیوەندییەکی رِێکوپێک و لۆژیکییان لە نێوانیاندا هەیە و پەیوەندییان بە بابەتێکی دیاریکراوەوە هەیە، لە بەشی جیاجیادا بە رێکی پۆلێن دەکرێن، دواجار پەیوەندییەکانی نێوان یاساکانی پەیوەست بە هەر بابەتێک، بە هەڵوەشاو و بەسەرچوو، گشتی و تایبەت، رِەها و پابەندکەر و... هتد، لەلایەن شارەزایانەوە دەستنیشان دەکرێن و بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوە، هەموارکردنەوە یان لێکدانەوەیان، دەدرێنە دەسەڵاتی یاسادانان، بەم شێوەیە سەرەتا یاسا دروستەکان دەستنیشان دەکرێن.( پروین و فرامرزی، ١٣٩٩: ٩٧ )

توێژەر پێی وایە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵاوسانی یاساسازی لە یاساکانی باج، پێویستە یاسادانەر پێداچوونەوە بە دەقە یاساییەکان بکات و یاساکانی باج یەک بخات، هەروەها لە کاتی داڕشتنی یاساکانی باج خۆی لە پێناسەکردنی چەمکەکان و باس کردنی بنەما گشتیەکانی یاسا بەدوور بگرێت و لە وردەکاریەکان و ڕێزپەڕەکان دوور بکەوێتەوە، ئەو ڕێزپەڕە یاساییانەی کە ڕێسا ناکۆکن لە گەل دەستوور و بوونەتە هۆی هەڵاوسانی یاسازی هەلبوەشێنێتەوە.

## ٦.کۆتایی

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا کە لەسەر کاریگەری هەلاوسانی یاسازی لەسەر ئاسایشی یاسایی- یاساکانی باج وەک نموونە- ئەنجامان داوە، توانیمان بگەینە کۆمەلێک ئەنجام و چەند ڕاسپاردەیەکیشمان لەلا گەڵالە بوو، کە گرنگترینیان لە خوارەوە دەخەینەڕوو:

### ٦,١ ئەنجام

١- هەلاوسانی یاساسازی لە بواری یاساکانی باج کۆمەلێک هۆکاری هەیە کە بەرجەستەترینیان بریتین لە فرە یاسایی لە بواری باج لە ئەنجامی سروشتی جیاوازی باجەکان، خراپی کوالیتی داڕشتنی یاساکانی باج لە ئەنجامی ڕەچاو نەکردنی بنەما گشتیەکانی داڕشتنی یاسایی یاساکانی باج و نەشارەزایی یاسادانەران و ئالۆزی بابەتی باج، هەمواره یەک لەدوای یەکەکانی یاساکانی باج لە ئەنجامی کۆنی یاساکان و نەگونجانیان لە گەل بارووددۆخ و پێشکەوتنەکانی سەردەم و گۆڕانکارەیە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیەکان، هەروەها ناسەقامگیری سیاسی و ناڕوونی سیاسەتی یاسادانان لە بواری باج و سیستەمی فیدرالی، تێنەگەیشتن لە سیاسەتی یاسادانان و فەلسەفەی باجەکان.

٢- هەلاوسانی یاسایی کاریگەری لە سەر هەردوو سیستەمی یاسایی و دادوەری هەیە و دەستڕانەگەیشتن و ئاگادار نەبوون لە یاسای باجی لێدەکەوێتەوە، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی دادگاکان بڕیاری ناکۆک دەربکەن و لە دوور مەودادا پێگەی یاساییەکان ناسەقامگیر دەبن و بەربەست لەبەردەم بەرپابوونی ئاسایشی یاسایی باجدەران دروست دەبێت.

٣- هەلاوسانی یاساسازی لە یاساکانی باج لە ڕێگەی کۆمەلیک میکانیزمی جیاوازەوە دەکرێ تا ڕادەیەکی زۆر کەم بکرێتەوە، وەک دانانی لیژنەیەکەی پسپۆری هاوبەش نێوان پەرلەمانی فیدرالی و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، داڕشتنی یاسایەکی کوالیتی بەرز و یەکککگرتوو بۆ باجەکان، هەروەها چاودێری لەسەر یاساکان و پاکسازی و ڕێکسازی یاساکانی باج.

### ٦,٢ڕاسپاردەکان:

ڕاسپاردەم بۆ لایەنە پەیوەندارەکان ئەوەیە کە:

١-بۆ ئەوەی هەلاوسانی یاساسازی بۆ کەمترین ئاست دابەزێت و ئاسایشی یاسایی بەرقەرار بێت، پێشنیار دەکەم یاسادانەر یاساکانی باج سەرلەنوێ بە کوالیتیەکی بەرز دابرێژێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە تەکنۆلۆژیای پیشکەوتوو و پسپۆران و یاساناسەکان وەربگرێت و باجەکان بە پێی سروشتی هاوبەش و لێکچوونیان یەکبخات بە جۆرێک کە باجەکانی ڕاستەوخۆ لە کۆدێکدا و باجەکانی ناڕاستەوخۆش لە کۆدێکیتردا ڕێکبخرێت.

٢-یاسادانەر پەلە نەکات لە دانان یان هەموارکردنەوەی یاساکانی باج، مەگەر دوای ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و گفتوگۆی پێویست لەسەر ئاستی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان، کە بە دەروازەیەکی ناچاری دادەنرێت بۆ پشکنینی ئەو دەقانەی پێشکەشیان کراون، بۆ ئەوەی یاسای باجی نوێ لەگەڵ پێداویستییە هەنووکەییەکاندا بگونجێت و دوور بێت لە زیادەڕۆیی و سەرەڕۆیی و ئاسایشی یاسایی باجدەران دەستەبەر بکات.

٣- پێداچوونەوە بە سیاسەتی باج و سیاسەتی یاسادانان لە بواری باج لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا بکرێت و سیاسەتێکی ڕوون و دیاری کراو بگیرێتەبەر کە لە گەل ئامانجەکانی باجدا بگونجێت و تەنها لە کۆکردنەوەی داهات قەتیس نەکرێت، بەلکوو بۆ ئاراستەکردنی ئابووری بازار و بەرقەرار کردنی دادپەروەری لە کۆمەلگادا و ژینگەپارێزی و ئامانجەکانیتری باج بەکار بهێندرێت.

٥-یان ئەوەتە یاساکانی باج پاکسازی و ڕێکسازی بکرێت و ئەم پێشنیارانەی خوارەوە لەبەرچاو بگیرێن:

١-پێشنیار دەکەم یاسادانەری عێراقی هەر دەقێکی یاساکانی باج کە تایبەتمەندی دەسەلاتی جێبەجێ کردن لە دەستوەردان لە کارووباری سەپاندن و وەرگرتن و هەموارکردن و لێخۆشبوون لە باج هەلبوەشێنێتەوە، چونکە دەستووری عێراقی بەرکار لە بڕگەی(یەکەم)ی ماددەی (٢٨)یدا ئەم تایبەتمەندیە بە پاوانکراوی داوەتە دەسەلاتی یاسادانان، هەروەها ڕێزپەڕە یاساییەکانیش هەلبوەشێنێتەوە و لایانبدات، چونکە لە لایەک نایەکسانی و نادادی دێنێتە کایەوە و لە لایەکیتر دەبێتە هۆی هەلاوسانی دەقەکانی یاساکانی باج، وەک ئەمانەی خوارەوە:

١-هەموار کردنی دەقی برگە (٤)ی ماددەی (٧) ی یاسای باجی دەرامەتی عێراقی ژمارە (١١٣) سالی ١٩٨٢ی هەموار کراو.

٢- هەموار کردنی دەقی بڕگەی (١٦)ی ماددەی (٧)ی یاسای باجی دەرامەتی عێراقی ژمارە (١١٣) سالی ١٩٨٢ی هەموار کراو.

٣- هەلوەشاندنەوەی ئەو تایبەتمەندیەی کە بە هاولاتیانی دەولەتە عەرەبیەکان بە مەبەستی نیشتەجێ بوون لە عێراق دراوە، ماوەی مانەوەیان لە عێراق هەرچەند بێت، چونکە لەم دەقەدا پێشێلی بنەمای یەکسانی کراوە کە لە دەستووردا هاتووە، بۆیە نابێ بەسەر هاولاتیانی عێراقیدا تەفزیل بکرێن.

٤-هەلوەشاندنەوەی تایبەتمەندی دیاری کراو لە یاسای باجی دەرامەتی عێراقیدا لە بەرژەوەندی هاولاتیانی دەولەتە عەرەبیەکان، لە ڕووی هەژمار کردنیان لەسەر ئەو دەرامەتەی لە عێراق بەدەستیان هێناوە، لە کاتێکدا باج بەسەر عێراقیەکاندا دەسەپێندرێت لە هەر شوێنێک قازانج بەدەست بهێنن، چونکە هاولاتی عێراقی دەبێ وەک هاولاتیانی دەولەتە عەرەبیەکان هەلسووکەوتیان لەگەل بکرێت.

٥- هەموار کردنی بڕگەی (١٣)ی ماددەی (٧)ی یاسای باجی دەرامەت بە جۆرێک گشت هۆتێلەکان لە هەموو عیراقدا یەکسان بن لە لێخۆش بوون لە باج.

٦- ماددەی (٥١)ی یاسای باجی دەرامەت هەموار بکرێتەوە، چونکە ناکۆکە لە گەل دەستوور لە ڕووی پێدانی دەسەلات بە دەسەلاتی دارایی لە ڕێگری کردنی لە گەشتکردن ئەگەر گومانیان هەبوو کە بە مەبەستی ڕاکردن لە باجدان گەشت دەکەن،

چونکە یاسا پشت بە نیەت نابەستێت لە سەپاندنی حوکمەکانیدا و ڕێگریکردن لە گەشتکردن ڕێگە پێدراو نیە بە بڕیاری یەکلاکراوەی دادگا نەبێت.

٧-هەمواركردنەوەی دەقەكانی مادەكانی (١، ٢، و ٤)ی یاسای باجی زەویوزار بە شێوەیەک کە ڕێگری لەو ڕێگەپێدانە یاساییە بکات بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ سەپاندن و لێی خۆشبوون لە باج.

٨-هەمواركردنەوەی دەقی مادەی (٢)ی هەمان یاسا بە شێوەیەک کە ببێتە هۆی سەپاندنی باج تەنها یەکجار، نەک (١٥) جار وەک ئەوەی ئێستا هەیە، بۆ ئەوەی لەگەل ئەو گرێنتە بگونجێت کە دەستوور بۆ مافی خاوەندارێتی تایبەت داینی کردووە.

٩-هەڵوەشاندنەوەی برگەی (٧) لە ماددەی (٢٠)ی یاسای باجی خانووبەرە و هەڵگرتنی قەدەغەکردنی دادگاکان لە دانیشتنی دۆسیەکانی پەیوەست بە یاسای باجی خانووبەرە و یاسای باجی زەوتکردن بەگوێرەی مافی دادگاییکردن کە لە دەستووردا هاتووە بۆ هاوڵاتیان و هەڵوەشاندنەوەی ئیستسنای بابەتی باج لە برگەی یاسای ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٥ و خستنەڕووی بە برگەکانی ئەم یاسایە و هەڵوەشاندنەوەی هەر دەقێک کە ڕێگری بکات لە دادگاکان لە تاوتوێکردنی بابەتی باج.

١٠-هەمواركردنەوەی دەقەكانی برگەی (٧ و ١٠)ی مادەی (٣) و برگەی (١)ی مادەی (١٠)ی یاسای باجی خانووبەرەی بەرکار، بۆ پاراستنی پرەنسیپی یاساییبوونی باج و ڕێگریکردن پێدانی هەر جۆرە دەسەڵاتێک بە دەسەلاتی دارایی کە پەیوەندی بە لێخۆشبوون یان کۆکردنەوەی باجەوە هەبێت.

١١-هەمواركردنەوەی دەقەكانی برگەی (٣ و ٤ و ١٦)ی مادەی (٧) و برگەی (٤ و ٨ و ٩)ی مادەی (٨) و مادەی (٦٠) و مادەی (٦١)ی یاسای باجی داهاتی عێراقی، بۆ لابردنی هەر ڕێگەپێدانێک بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن (دەسەڵاتی دارایی) سەبارەت بە سەپاندن، لێخۆشبوون و کۆکردنەوەی باج، گرنگی بنەمای یاسایی وەک مافێکی دەستوری بگەڕێنێتەوە.

١٢-دەقی برگەی (١٠/ج) لە مادەی یەکەمی یاسای باجی داهاتی عێراقی بەرکار، هەروەها دەستەواژەی (ولاتانی غەیرە عەرەبی) لە برگەی (١٠/د)ی هەمان مادەدا بۆ هەموو باجدەرە غەیرە عێراقییەکان بگرێتەوە.

١٣-هەمواركردنەوەی دەقی برگەی (٣)ی مادەی (٥)ی هەمان یاسا بە شێوەیەک کە دانیشتووی غەیرە عێراقی هاوتا بکات لەگەڵ دانیشتووی عێراقی لە ملکەچ کردنی داهاتەکەیان بۆ باج کە لە عێراقەوە یان لە دەرەوەی عێراق دێتە دەست.

١٤-هەڵوەشاندنەوەی دەقی مادەی (٤١) لە یاسای ڕاژەی دەرەکی ژمارە( ٤٥)ی ساڵی (٢٠٠٨)، بە شێوەیەک کە دووبارە دەرماڵەی ڕاژەی دەرەکی ئەو فەرمانبەرانەی کە لە کۆنسولخانەکان کار دەکەن ملکەچی باج بکات وەک هەموو باجدەرانی فەرمانبەر لە دەولەتدا.

١٥-هەمواركردنەوەی دەقی برگەی (١) لە ماددەی (١٢)ی یاسای باجی داهاتی عێراقی بەرکار بە شێوەیەک کە بە جیا ڕێگە بدات بە پێدانی سیماحی هاوسەری بە هەر ژنێک.

١٦-هەمواركردنەوەی دەقی برگەی (١)ی مادەی (١٣)ی هەمان یاسا بەجۆرێک لە برگەی (ج) و (د) و (هـ)دا نرخە زیادەکان لەبەرچاو بگیرێت، کە باجدەران لە کەسانی یاسایی (پشکی هاوبەش و سنووردارەکان) و بەم شێوەیە دەستڕاگەیشتن بە مافی یەکسانی بەدەست بهێنن.

١٧-هەمواركردنەوەی دەقی مادەی (٤٩)ی یاسای پێشوو بە شێوەیەک کە ئەو باجدەرانە یەکسان بکات کە بە شێوەیەکی ئاسایی باج دەدەن و ئەوانەی بە لێبڕینی ڕاستەوخۆ دەیدەن، پەیوەست بە یاسای بەسەرچوونی گەڕاندنەوەی باجە زیادەکان( الردیات).

١٨-هەمواركردنەوەی دەقی برگەی (١)ی مادەی (٥٠)ی یاسای پێشوو بە هەڵوەشاندنەوەی ڕێژەی (٥,٧٪)ی هەرەمەکی وە یەکسانی لە خەملاندن لەنێوان باجدەرانی ملکەچ بۆ ئەم مادەیە و باجدەرانی دیکە.

١٩-هەمواركردنەوەی ڕێنماییەکانی لێبڕینی ڕاستەوخۆی ژمارە یەک بۆ ساڵی ٢٠٠٥ بە شێوەیەک کە باجدەرانی ملکەچی خۆی و باجدەرانی دیکە یەکسان بکات سەبارەت بە داشکاندنەکان، هەروەها ملکەچکردنی هەموو دەرماڵەکان بۆ باج.

٢٠-هەڵوەشاندنەوەی مادەی (٥٥)ی هەمان یاسای سەرەوە و یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٧ کە دووبارە کاری پێدەکرێتەوە، لە ڕێگەی دووبارە کارکردن بە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٣ کە هەڵوەشاندەوە، بە مەبەستی پاراستنی مافی دادگاییکردن کە گەرەنتی کراوە بەپێی دەستوور لە مادەکانی (١٩ و ١٠٠)(

٢١-هەمواركردنەوەی ئەو ماددانە کە لە یاسای گومرگدا هاتوون بە شێوەیەک کە هەر ڕێگەپێدانێکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە پرۆسەی سەپاندن و لێخۆشبوون لە باج هەڵبوەشێنێتەوە و پرەنسیپی یاساییبونی باج بپارێزێت.

(١٨/١) و (٢٠/١) و (٣١) و (٢/٣٢) و (١/٣٣) و(٢/٣٧) و (١٢٢) و (١٣٧) و (١/١٣٨) و (١/١٣٩) و (١/١٤٠) و (٣/١٤١) و (٣/١٤٤) و (٣/١٥١) و (٣/١٥٢) و (١٥٣) و (٢/١٥٥) و(١/١٥٦) و (١٥٦/ج/٢) و (١٦١/ب/١) و(٣/١٦٢) و (٢/١٦٣) و (٤/١٦٣) و (٤/١٦٤) و (٢/١٦٥) و (٢/١٦٦) و (٣/١٦٩)

٢٢- هەڵوەشاندنەوەی دەقی برگەی (دووەم) لە مادەی (٢٥٠)ی یاسای گومرگی هەموارکراوی ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٨٤ و گەڕاندنەوەی مافی دادگاییکردن و مافی بەرگریکردن بۆ باجدەرانی گومرگی.

٢٣- هەمواركردنەوەی بڕیارنامەی ژمارە ٣٦ی ساڵی ١٩٩٧ کە هەموو توخمەکانی کەسایەتی باج لە باجی فرۆشراوەکاندا پەسەند دەکات، باجی فرۆشراوەکان لە بەرزبوونەوەی نرخ، سیماحاتی یاسایی، لێخۆشبوون لە کەمترین ئاستی بژێوی ژیان، تەسفیەکردنی بابەتی باج، و جیاوازی مامەڵە، بەپێی جۆری بابەتی باج، بە شێوەیەک یەکسانی لە قوربانیدان مسۆگەر بکات، نەک تەنها یەکسانی ئەبستراکت.

٢٤- هەمواركردنەوەی برگەکانی بڕیارنامەی ١٢٠ی ساڵی ٢٠٠٢ بە پەسەندکردنی کەسیەتی باج لە باجی گواستنەوەی خاوەندارێتی خانووبەرە یان مافی هەلسووکەوتپێکردنیان بە پێدانی سیماحی یاسایی و تەسفیەکردنی بابەتی باج، بە شێوەیەک کە یەکسانی ڕاستەقینە مسۆگەر بکات نەک یەکسانی تیۆری.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**سەرچاوە کوردییەکان:**

تاڵەبانی، نوری.( ٢٠٠٦) فەرهەنگی قانوونی(عەرەبی-کوردی، فەرەنسی، ئینگلیزی)، چاپی دووەم، سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهوشیاری.

خاڵ، شێخ محمد.(٢٠٠٥). فەرهەنگی خاڵ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

**١-کتێب:**

تورار، هيلين.( ٢٠٠٤). تدويل الدساتير الوطنية, ترجمة باسيل يوسف, بيت الحكمة, العراق, ٢٠٠٤: ٢٦٠

خالد، حميد .( ٢٠١٣). مبادئ القانون الدستوري و تطور النظام السياسي في العراق, مكتبة السنهوري، بغداد: ١٥٦

احمد، محمد.( ٢٠٠٩). خواطر مدينة، أفكار و أراء في القانون المدني ، مؤسسة حمدي، للطباعة السليمانية.

بعلبكي، رمزي.( ٢٠١٠). المورد الحديث قاموس انكليزي- عربي، دار العلم للملاين، بيروت.

بهادغي، رافد و العبودي، عثمان.( ٢٠١٢). التشريع بين الصناعة و الصياغة، منشورات الحلبي الحقوقية.

بيخال محمد مصطفى، دراسة حول فكرة القانون في الدستور، مكتبة زين الحقوقية و الادبية، ٢٠١٣.

سالم، هانم .( ١٩٩٣ )ضمانات تحقق ألامن القانوني ودور المحكمة الدستورية العليا في كفالته.

سنتريسى، أحمد.(٢٠١٨). دور قاضى الالغاء فى الموازنة بين مبدأ المشروعية ومبدأ الامن القانونى، طبعة دار الفكر الجامعى.

الشرفاني، ابراهيم.( ٢٠١٦). رقابة المحكمة الدستورية على السلطة التقديرية للمشرع, منشورات الحلبي الحقوقية, بيروت: ١٩٤

شيخلي، عبدالقادر.( ١٩٩٥). فن الصياغة القانونية تشريعا و فقها و قضاءا، مكتبة دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان : ٥٠

عبد اللطيف، محمد.(١٩٩١).التصحيح التشريع، دار النهضة العربية، مصر.

عبدالهادي،حيدر.(٢٠٠٩). اصول الصياغة القانونية، دار حامد للنشر و التوزيع، عمان. اردن

فراهيدي، الخليل.( ٢٠٢٢). كتاب العين، دار الكتب العلمية، بيروت.

محمد، ناهدة و قادر، سوزان .(٢٠١٨). التشريع الضريبي في العراق و اقليم كوردستان، الطبعة الاولى، مطبعة شهاب، اربيل، اقليم كوردستان.

**٢- دكتۆرانامە:**

سعيد، ريبين .(٢٠٠٨) الاعفاءات في النظام الضريبي العراقي مع اشارةخاصة الى اقليم كوردستان-العراق، رسالة ماجستير مقدمة الى مجلس كلية القانون في جامعة السليمانية.

سهام، هريش .( ٢٠١٨-٢٠١٩).البحث في نوعية النص التشريعي، اطروحة دكتوراه مقدمة الي جامعة الجزائر بن يوسف بن خدة.

عادل، وادي.(٢٠١٧). الضمانات الدستورية الممنوحة للمكلفين بالضريبة في الجزائر، اطروحة دكتورا، كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة الحاج خضر، باتنة ١،الجزائر.

فخري، اسين.( ٢٠٢٢). دور القضائين الدستوري و الاداري في تحقيق الامن القانوني، اطروحة دكتورا تقدمت الى مجلس كلية القانون و العلوم السياسية، جامعة كركوك.

**٣-ماستەرنامە:**

احمد، هەلگۆرد .( ٢٠١١-٢٠١٢ )اشكالية التضخم في تشريعات الجنائية، رسالة ماجستير، كلية القانون، جامعة سوران.

امر و عبدالقادر.(٢٠١٨). الضمانات الدستورية لحماية المكلف بالضريبة، رسالة ماجستير، كلية الحقوق و العلوم السياسية معهد الحقوق، جامعة زيان عاشور بالجلفة، الجزائر.

برواري، محمد .(٢٠٠٤). ضريبة العقار و دورها في تمويل الموازنة العامة في اقليم كوردستان العراق للمدة ١٩٩٣-٢٠٠٢، اطروحة دكتوراه مقدمة الى كلية الادارة و الاقتصاد، جامعة صلاح الدين، اربيل.

تميمي، مرتضى.(٢٠١٦). دراسة مقارنة للتشريعات الضريبية في العراق و ايران لتقويم دور النظام الضريبي في تمويل الموازنة العامة للدولة في العراق، رسالة ماجستير مقدمة الى مجلس كلية الادارة و الاقتصاد -جامعة كربلا.

حجار، عدنان .(٢٠١٠-٢٠١١ )السياسة التشريعية الفلسطينية في القوانين الاقتصادية، اطروحة الدكتوراه كلية الحقوق، جامعة باجي مختار-عنابة، الجزائر.

**٤-تویژینەوەی بڵاوکراوە:**

رافد خلف هاشم البهادغي، و عثمان سلمان غيلان العبودي, التشريع بين الصناعة و الصياغة، منشورات الحلبي الحقوقية، ٢٠١٢: ٤١.

ابراهيم محمد صالح الشرفاني، رقابة المحكمة الدستورية على السلطة التقديرية للمشرع، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، 2016: 194)

هيلين تورار، تدويل الدساتير الوطنية، ترجمة باسيل يوسف، بيت الحكمة، العراق، ٢٠٠٤: ٢٦٠.

حميد حنون خالد، مبادئ القانون الدستوري و تطور النظام السياسي في العراق، مكتبة السنهوري، بغداد، ٢٠١٣: ١٥٦. https://www.linkedin.com/pulse/, 17/3/2023, 12:06

احمد، رائد.( ٢٠١٨). السبل القانونية إلصالح النظام الضريبي في العراق، مجلة العلوم القانونية/ كلية القانون - جامعة بغداد / العدد الخاص لبحوث مؤتمر فرع القانون العام المنعقد تحت عنوان"الاصلاح الدستوري والمؤسساتي الواقع والمأمول " للمدة ١٣-١٤/١١/٢٠١٨، ص:١٠١.

خديجة، الحرتسي.( ٢٠١٩ ). الموازنة بين الدفع بعدم دستورية القوانين ومبدأ الأمن القانوني دراسة مقارنة بين الدستورين الجزائري والبحريني، مقال نشر في مجلة جيل الدراسات المقارنة العدد ٥.

سامية، كسال.( ٢٠٢٠).التضخم التشريعي عائق امام الاستثمار الاجنبي مستجدات القانون رقم ٦١ - ٩٠ لمواجهه هذا العائق، مجلة صوت القانون، المجلد الخامس، العدد(٢٠).

سيد، شوقي.( ٢٠١٥) قراءة في حال القوانين اثناء قيام البرلمان و عند غيبته خلال خمسة عشر عاما، مقالة منشورة في صحيفة المصري اليوم، العدد ٤٢٣٥, في ٢٠١٥/١٢/٦ متوافر على الموقع اللكتروني: http//today.almasryalyoum.com کاتی سەردان ٢٠٢٢/١١/١٢: ٩:٤٠

صافي، عبد الرؤوف، ملاحظات حول قانون ضريبة الدخل العراقي رقم ١١٣ لسنة ١٩٨٢ المعدل، كلية القانون.

صالح، بدرة.(١٩٩٥).التشريع الحكومي في الكويت: حالاته، قيوده، خضوعه لرقاة المحكمة الدستورة "، مجلة الحقوق، العدد ٢، الكوت.

عبد و حسين.( ٢٠١٦) .دستورية الضرائب في العراق، مجلة رافدين للعلوم القانونية، مجلد. ( ٢٣)، رقم (٤٩).

عبدالحميد، معمر .( ٢٠٢٢). التضخم التشريعي في التشريع العقابي- العواقب و الانعكاسات على خاصيتي الردع و الاصلاح و قانون العقوبات العراقي انموذجا-دراسة تحليلية نقدية- مجلة جامعة تكريت للحقوق، السنة (٦)، المجلد ( ٦)، العدد( ٢)، الجزء(١).

عبدالقادر الشيخلي، فن الصياغة القانونية تشريعا و فقها و قضاءا، مكتبة دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان ١٩٩٥:: ٥٠.

عبدالكريم و حامد.( ٢٠١٤). تضخم القواعد القانونية التشريعية، مجلة جامعة تكريت للعلوم القانونية، السنة(٦)، العدد( ٢٣).

غائب, فضيلة و يونس, علياء.(٢٠٢١). التعريف بضريبة المبيعات، بحث في القانون العام/ التشريع المالي، مجلة العلوم الانسانية والطبيعية، المجلد (٢ )، العدد (١١ ).

غميزة، عبد المجيد .(٢٠٠٨). مبدأ الأمن القانوني وضرورة الأمن القضائي، عرض مقدم في المؤتمر الثالث عشر للمجموعة الإفريقية للإتحاد العالمي للقضاة ، الدار البيضاء، ٢٨ .
القانون العقاري و البيئة، المجلد(٢)، العدد(٩).
لحطاني، فلوى،( ٢٠٢١). هل يؤثر التطوّر التشريعي لدينا على فكرة الأمن القانوني؟ التشريعات الضريبية مثالاً، المنشور على الموقع اللكتروني

قيسي، نذير.(٢٠٢٠).اعتبارات الأمن القانوني في أحكام القضاء الدستوري العراقي (دراسة مقارنة)، مجلة الشريعة و القانون، العدد الثاني والثمانون.

كمال، بوبعاية.( ٢٠٢١). والي عبد اللطيف، الأمن القانوني في التشريع الجنائي الجزائري،مجلة الأبحاث القانونية والسياسية، المجلد (٣)، العدد(٢).
معموري، عمر( ٢٠١٨). التطابق الدستوري بين أحكام قانون ضريبة الدخل العراقي رقم ١١٣ لسنة ١٩٨٢المعدل والمبادئ والحقوق الدستورية، مجلة العلوم القانونية/كلية القانون - جامعة بغداد / العدد الخاص لبحوث مؤتمر فرع القانون العام المنعقد تحت عنوان"االصالح الدستوري والمؤسساتي الواقع والمأمول " للمدة ١٣-٢٠١٨/١١/١٤.

موسوي، القاضي.(٢٠١٢). اثر الصياغة التشريعية في الاحكام القضائية، بحث منشور في مجلة التشريع و القضاء، العدد( ٣).

نبيل، طالب.( ٢٠٢١). تاثير تضخم التشريعات العقارية على الامن القانوني، مجلة
نعمة،احمد.( ٢٠١٤). التشريع السليم و معوقات العملية التشريعية في العراق، بحث منشور في المجلة العلمية،كلية القانون، جامعة الكوفة، العدد ١٨.

نوال، ايرادين.(٢٠١٨). تأثير تضخم التشرعى على الأمن القانوني،دفاتر البحوث العلمية, العدد الثالث عشر.

**٦-دەستوور و یاساکان:**

دەستووری هەمیشەیی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

قانون ضريبة العقار رقم ١٦٢ لسنة ١٩٥٩ و تعديلاته، جمع وتنقيح القسم القانوني، وزارة المالية الهيئة العامة للضرائب، قسم الأحصاء والأبحاث.

یاسای باجی دەرامەت ژمارە ١١٣ ساڵی ١٩٨٢ی هەموار کراو کە لە رۆژنامەی وەقایعی عێراقی ژمارە (٢٩١٧) لە ٢٧/ ١٢/ ١٩٨٢ بلاو کراوەتەوە.

یاسای باجی زەوی و زار ژمارە ٢٦ ساڵی ١٩٦٢ی هەموارکراو، لە رۆژنامەی وەقایعی عێراقی ژمارە (٦٧٦) لە٣١/ ٥/ ١٩٦٢ بلاو کراوەتەوە.

یاسای باجی فرۆشراوەکان ژمارە ( ٣٦ ) ساڵی ١٩٩٧.

یاسای ژمارە ٢٠ ی ساڵی٢٠١١ یاسای یەکەم هە موارکردنی جێبەجێ کردنی یاسای باجی دەرامەت ژمارە ٢٦ ی ساڵی ٢٠٠٧ لەهە رێمی کوردستان – عێراق، لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ژمارە ١٣٨ لە ٢٠١١/١٢/١بلاو کراوەتەوە.

یاسای ژمارە ٢٤ یاسای هە موار کردنی پیادە کردنی یاسای باجی زەوی عەرسە ژمارە ٢٦ هە موارکراو لە هە رێمی کوردستان-عێراق، لە وەقایعی کوردستان، ژمارە ٧٧ لە ٢٠٠٧/١٢/٢٥ بلاو کراوەتەوە.
یاسای ژمارە ٢٥ یاسای هە موارکردنی پیادەکردنی یاسای باجی خانووبەرەی ژمارە١٦٢ی ساڵی ١٩٥٩ی هە موارکراو لە هەرێمی کوردستان -عێراق.

یاسای ژمارە ٢٦ یاسای هە موارکردنی پیادەکردنی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە ١١٣ ی ساڵی ١٩٨٢ی هە موارکراو لە هە رێمی کوردستان – عێراق.

یاسای باجی گومرگی ژمارە ٢٣ ساڵی ١٩٨٤ی هەموارکراو.

یاسای پێناسەی گومرگی عێراقی ژمارە(٢٢) ساڵی ٢٠١٠.

یاسای باجی فرۆشراوەکان ژمارە (٣٦)ی ساڵی ١٩٩٧.

یاسای رەسمی پوول ژمارە (٧١) ساڵی ٢٠١٢.

یاسای تۆماری خانووبەرە ژمارە(٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ی بەرکار.

یاسای میرانەی دادی( رسوم العدليه) ژمارە (١١٤)ی ساڵی ١٩٨١ی بەرکار.

باجی گواستنەوەی خاوەندارێتی خانووبەرە یان مافی هەلسووکەوتپێکردنی ژمارە (١٢٠)ی ساڵی ٢٠١٢.

**٧-سەرچاوە فارسیەکان:**

پروين، خيرالله و بقيه.( ١٣٩٩). تنقيح قوانين و مقررات گامی در تضمين اصل امنيت حقوقی، فصلنامه دانش حقوق عمومی، سال نهم، زمستان ١٣٩٩،شماره ٩٣، صفحات ١٩ تا ١١٦.
شەرفکەندی، عبدلرحمان.( ١٣٦٩)، هەنبانەبۆرینە- فرهنگ کردی- فارسی، چاپ اول، چاپخانە سروش، تهران.

مكاي و برجيان.( ).، تورم حقوق، فصلنامه تحقيقات حقوقي شماره ٨١.
موسوی و موسوی فر(١٤٠٠)، امنيت حقوقی در حقوق بين الملل: مفهوم و جايگاه، فصلنامة مطالعات حقوق عمومی، دوره ٥١، شماره ٢، تابستان.
نبی لو، حسين. (١٣٨٥)، تورم قوانين و تنقيح قوانين و مقررات کشور، ملاحظاتی در خصوص طرح تدوين و تنقيح قوانين و مقررات کشور، فصلنامه اطلاع رسانی حقوقی، ش١١.

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

Dace Šulmane.(2011). "Legislative Inflation" – An Analysis of The Phenomenon in Contemporary Legal Discourse, Baltic Journal Of Law & Politics Volume 4, Number 2.

https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/inflation/ 25/3/2023: 5:10.

https://www.hzu.edu.in/uploads/2020/10/Law-dictionary.pdf/25/3/2023:5: 33

Pierson, Christopher. (1996). The Modern State, London, Routledge.

Schuck ,Peter. (1992).Legal complexity. Some Causes, Consequences, and Cures, (1992), 42-1 Duke Law J.1,P.24

**الملخص:**

**تأثير التضخم التشريعي على الامن القانوني-التشريعات الضريبية انموذجا-**

ان الافراط في تشريع القواعد والقوانين الضريبية دون مراعاة معايير الامن القانوني سيؤدي إلى خلق ظاهرة تعرف باسم التضخم التشريعي.

أبرز أسباب التضخم التشريعي في التشريعات الضريبية هي تعدد و تشتت القوانين الضريبية نتيجة اختلاف طبيعة الضرائب، وسوء جودة قوانين الضرائب من ناحية الشكلية و الموضوعية، والعرض المفرط للنصوص الضريبية والإستثناءات القانونية و التعديلا المتتالية و تدخل الحكومة في عملية التشريع في مجال الضرائب ونظام الدولة وهيكليتها.

قد ينتج التضخم التشريعي في التشريعات الضريبية العديد من النتائج التي تؤثر سلبًا على النظام القانوني الضريبي، وتقلل من القيمة القانونية للتشريعات و تعرض الأمن القانوني للخطر في هذا المجال.

من أجل إرساء الأمن القانوني في مجال الضرائب، يجب تخفيض التضخم التشريعي إلى الحد الأدنى، ولهذا الغرض، أقترح أن يقوم المشرع العراقي والكردستاني بمراجعة قوانين الضرائب وإزالة المواد الإضافية و إعادة صياغتها بجودة عالية، وكذلك توحيد التشريعات الضريبية وفقا لطبيعة المشتركة للضرائب، بحيث تنظم الضرائب المباشرة في تقنين واحد والضرائب غير المباشرة في تقنين أخرى، باستخدام التكنولوجيا المتقدمة والخبراء والمحامين.

**الكلمات المفتاحية:** التضخم التشريعي، الأمن القانوني، التشريعات الضريبية، إقليم كوردستان، عراق الفدرالي.

**Abstract:**

**The Effect of Legislative inflation on Legal Certainty -Tax Legislations as an model-**

Excessive enactment of tax rules and laws without observing legal certainty's standards will lead to the creation of a phenomenon known as legislative inflation.

The most prominent causes of legislative inflation in tax legislation are the multiplicity and dispersion of tax laws as a result of the different nature of taxes, the poor quality of tax laws in terms of formality and objectivity, the excessive presentation of tax texts, legal exceptions, successive amendments, and government interference in the legislative process in the field of taxation and the state system and structure.

Legislative inflation in tax legislation may produce many results that negatively affect the tax legal system, reduce the legal value of legislation and endanger legal certainty in this area.

In order to establish legal certainty in the field of taxation, legislative inflation must be reduced to a minimum, and for this purpose, I suggest that the Iraqi and Kurdistan legislators review tax laws and remove additional materials and reformulate them with high quality, as well as standardize tax legislation according to the joint nature of taxes, so that Direct taxes are regulated in a single code and indirect taxes in another code, using advanced technology, experts and lawyers.

**Keywords:** Legislative inflation, Legal Certainty, Tax legislations, Kurdistan Region, Iraqi Federal.